

# گێڕانەوە: زمان، مێژوو و ڕۆمان

## لە دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەدزادە

سازدانی: ئازاد حاجی ئاقایی

**دەسپێک:**

**هاشم ئەحمەدزادە لەدایکبوی ساڵی ١٩٦١ لە مەهاباد، مامۆستای دیپارتمانی زمانناسی و فیلۆلۆژی زانکۆی ئۆپسالایە. زۆربەی نوسراوەکانی د. ئەحمەدزادە ناوڕێچکەیی (multidisciplinary )-ن. ڕۆمان و نەتەوە وەک نمونەیەک لە بەرهەمە ناوڕێچکەییەکانی ئەحمەدزادە کراوە بە زمانی فارسی. زمانناسی کۆمەڵایەتی، ئەدەبیاتی بەراوردکارانە، نەتەوەخوازی، ڕۆمان و گێڕانەوە چەن لایەنێکن قورسایی بەرهەمەکانی د. ئەحمەدزادە پێکدێنن.**

**وەک یەکـــەم پرســـیار، مرۆڤ هـــاوکات کە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند یان سیاسی‌یە، بە وتەی مەکینتاییر بوونەوەرێکی چیرۆک‌وێژیشـــە. گێڕانەوەی چیرۆکیش لە ڕێگای زمانەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخســـێ. بە ڕای ئێوە ئـــەو پێکهاتانەی زمان دەکەن بـــە ئامرازێکی گێڕانەوە (narration) چین؟**

ڕۆڵی زمان لە گێڕانـــەوەدا چ وەک تێکنیکی گێڕانەوە و چ وەک داڕێژەری سەرتاپای هزری گێڕانەوەکە ئەوەندە بڕیاردەرە کـــە دووهەمیان بێ یەکەمیان ئەگەری بوون و ئامادەیی نییە. یانی گێڕانەوە لە دەرەوەی زمان‌دا نەبوویە و تەنانەت گێڕانەوە بە یارمەتیی شانۆ، فیلم و وێنەش دواجار لە زەینی بەردەنگ‌دا دەبێتـــەوە زمان. لە ڕاســـتی‌دا پێوەندیی زمـــان و بوون وەک پێوەندیی ماســـی و ئاو وایە و دواجار زمان، هایدگێر گوتەنی، ماڵی بوونە. کاتێک ئێمە شتێک دەگێڕینەوە لە ماڵی بوونمان مایـــە دادەنێین. ئەوەی ئێمە لە زمان‌ناســـی‌دا فێری دەبین و بە کارکردی دەنگ و مۆرفیم و وشـــە و ڕســـتە و بە کورتی گوتار ناویـــان دەبەین، پێمان دەڵێت کـــە زمان لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونـــەوەی جیاوازییەکان‌دا مانا بەرهەم دێنێت. ئێمە لە هـــەر گێڕانەوەیەک‌دا، کورت یاخـــود درێژ، کۆمەڵێک دال (signifier) دەکار دێنین و کارکردی ئەم دالانە و تێگەیشتنی ئێمە لە شـــێوازی ئاراســـتەبوون و بەرهەم‌هاتنیان دەمانکاتە خاوەنی تێگەیشـــتنی جیاواز لە زمان و مانا و پێوەندی‌کردن. پێوەندیی دال و مەدلول (signified) لە سیستمی زمان‌ناسیی سوێسوری و دواتر پاش‌پێکهاتەخوازی‌دا (post-structuralism) کارتێکەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر تێگەیشتنی زمانیانەی ئێمە هەیە. وەک دەزانین لە بۆچوونێکی پاش-پێکهاتەخوازانەدا دالەکان خاوەنی مەدلوولێکی کۆتایی نین و لە ڕاستی‌دا جووڵە لە دالەوەیە بۆ دال نەک بۆ مەدلوول. ئەوەی کە دێریدا دەڵێت کە مانایەکی کۆتایی بوونی نییە، مەبەستی ئەو جووڵە بەردەوامەی دالەکانە بۆ دالەکان. لێرەدا دەکرێ بڵێین جووڵەی دال بۆ دال ڕاســـتییەکی گشـــتی و هەمەگرە. بەڵام لایەنی کولتووری و تایبەتمەندیی زمانی، کارتێکەریی هەیە لەســـەر بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئاخێوەرانی زمان. ڕەنگە ئەوەی ویتگێنشتاین لەمەڕ پێوەندیی زمان و شـــێوازی فکرکردنـــەوە دەیڵێت و پێی وایە کە ئاخافتن بە زمانگەلی جیاواز شێوازی جیاوازی بیرکردنەوە بەدوای خۆی‌دا دێنێت، پڕ بە پێستی ئەم کارتێکەرییە بێت.

تـــۆوە ســـەرەکییەکانی گێڕانـــەوە (narrative) بریتین لە سێکڤێنس (بەدوای یەکتردا هاتنی ڕووداوگەل) کە بەسەرهاتێک یاخود چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و، شوێن و زەمەنی دیاری‌کراو. ئـــەم تۆوە گرنگانە و چلۆنایەتیی ڕەنگدانەوە و ئامادەبوونیان لە دەقی گێڕانەوەیی‌دا و گۆڕانکارییەکانی دەرخستنیان لە دەورە جیاوازەکانی گەشە و گۆڕانکاریی ئەدەبی‌دا، دەتوانن گوزارە لە سەردەمی جیاواز و ئێپیستیمەی جیاواز بکەن. هەر لە سەردەمی کلاســـیکەکانی ئانتیکەوە تا دەگاتە ڕۆمانس و ئالیگۆرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و گۆرانی‌بێژ و چیرۆک‌بێژە گەڕۆکەکانی سەردەمی پێش‌مۆدێرن و ڕۆمان و چیرۆکی کورتی سەردەمی مۆدێرن، گێڕانەوە و چیرۆک بەشێکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤەکان بووە. تۆوەکانی گێڕانەوە لە سەردەمە جیاوازەکان‌دا بە شێوەی جیاواز دەردەکەون و وێنا دەکرێن. شوێن و زەمەن لە ئەفسانە و حەماسەکان‌دا بە شێوەی خۆیان دەردەکەون و لە سەردەمی مۆدێرنیش‌دا جۆرێکی تر بە یەکەوە دەلکێندرێن. تۆ بڕوانە ئیلیاد و ئۆدیســـە و گێڕانەوەکانی لەمەڕ ڕۆســـتەم و زۆراب و ئەمیر ئەرســـەلان و تەنانەت کەسێکی واقیعیی وەک ئیسکەندەری مەقدوونـــی. گێڕانەوە جیاوازەکان ئەم کەســـانە بە شـــێوازی جۆراجۆر وێنا دەکەن، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان شوێن و زەمەنی نادیارە کە تێی‌دا جووڵەی پاڵەوان لەسەر بنەمای زەمەنی کرۆنۆلۆجیکال نییە. ئەمە لە سەرهەڵدانی ڕێئالیزم و گێڕانەوەی ڕۆمانیانەدا دوای سەدەی حەڤدەهەم و بە تایبەت لە سەدەی هەژدەهەمدا بە تـــەواوی دەگۆڕدرێت و وەک باختین دەڵێت شـــوێن‌زەمەنی (chronotope) دێتە ئاراوە و تێک‌هەڵکێشیی زەمەن و شـــوێن لە زمان و گوتاردا ئاراستە دەکرێت. ئەمەش گرێدراوی بەخشینی بۆچوونێکی کۆنکرێتە بە شوێن، زەمەن و هەروەها کاراکتەر کە گرێدراوی تایبەتمەندیی زەمەن و شوێنی خۆیانـــن و تەنانەت وەک گێڕەوەیش ئێمە دەزانین کە ئەو لە چ سیلەنیگایەکەوە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هاتنەکایەی گێڕەوە پێچەڵپێچەکانی مۆدێرنیستی و پۆست‌مۆدێرنیستیی وەک پروست، وۆلف و جۆیس و بێکێت و فاکنێریش گرێدراوی تایبەتمەندییە ئێپیستیمییەکانی سەردەمی خۆیانن کە مرۆڤ لە ئاکامی ڕووداوگەلی شـــاز و ناباوی وەک شەڕگەلی یەکەم و دووهەمی جیهانی‌دا بۆچوونی لەســـەر خۆی و تێگەیشتنە باوەکانی، تووشی گۆڕانی بنەڕەتی دەبێت. لە هەموو شێوازەکانی گێڕانـــەوەدا دواجار لە زمان کەڵـــک وەردەگیرێت و زمان لە گوتارگەلی جیاوازدا بەردەوام ئامادەیە.

ڕۆڵی گێڕانەوە لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگییەوە زۆر ناوەندی‌یە و کاریگەرییەکی تەواوی لەســـەر تێگەیشتنی ئێمە لە خۆمان و دەوروبەرمـــان هەیە. دەتوانم بڵێم هیچ شـــتێک ناتوانێ لە دەرەوەی گێڕانەوەدا بوونی هەبێت. بۆ چرکەیەک، ڕووداوێک، باوەڕێـــک یاخود بۆچوونێک لە کۆدەقی گێڕانەوە بخە دەرەوە، بزانە دەتوانی شـــتێکی ئاوا لە زەینـــی خۆت‌دا وێنا بکەی؟ بە باوەڕی من نا. کەواتە هـــەر گێڕانەوەیەک لە هەناوی خۆی‌دا زەمەن و شوێن و شتێک یاخود کەسێک و بۆچوونێکی حەشار داوە. خۆیایە هەر کە باســـی گێڕانەوە دەکرێ، گێڕەوە ئامادەیە و هەبوونی گێڕانەوەی بێ گێڕەوە لە زەین‌دا ناگونجێت. ئەوەی کە گێڕەوە کێیە و چۆن گێڕانەوەکە دەگێڕێتەوە تەنیا پرسێکی تێکنیکیی گێڕانەوە نییە، بەڵکوو پرسێکی ئێپیستێمۆلۆژیکیشە و ڕێگا لەبەر ناســـین و ڕاڤەی جیاواز دەکاتـــەوە. لە ناوەندی گێڕانەوەش‌دا ئەوە زمانە کە دەوری سەرەکی دەبینێت و پەیام و پەیامنێر و پەیاموەرگر دەکاتە کۆیەکی بەیەکەوە لکێندراو.

**گێڕانەوەناسی چییە و چ ئەرکێکی لە ئەستۆیە؟**

ســـێ‌کوچکەی خوێنەر، دەق و نووســـەر لـــە دەورەگەلی جیـــاوازی تیۆری و ڕەخنـــەی ئەدەبی‌دا بە شـــێوازی جیاواز هەڵسەنگێندراون و پێوەندی و کارلێکیان بووەتە جێگەی باس و خواســـتی خاوەن‌ڕایان. زەمانێک هەوڵی خوێنەر و ڕەخنەگر بریتی‌بوو لە مەبەســـتی نووسەر. دواتر دەق جێگای نووسەری گرتەوە و سەردەمێکیش هات کە جاڕی مەرگی نووسەر و دەق

**دەتوانم بڵێم هیچ شتێك ناتوانێ لە دەرەوەی گێڕانەوەدا بوونی هەبێت. بۆ چرکەیەك، ڕووداوێك، باوەڕێك یاخود بۆچوونێك لە کۆدەقی گێڕانەوە بخە دەرەوە، بزانە دەتوانی شتێکی ئاوا لە زەینی خۆتدا وێنا بکەی؟**

**بە وردبوونەوە لە سیستمی فیکریی بۆردیۆ تێدەگەین کە دەسەڵاتی هێمایین لە ڕێگەی ئامرازێکی توانا و بڕیاردەری وەك زمانەوە دەتوانێ دواجار شەڕی دەسەڵاتی چین و توێژەکان یەکلا بکاتەوە.**

**له کاتێکدا سەرمایە جۆراجۆرەکان لەناو و لەنێوان گۆڕەپانەکاندا لە ڕێگەی خوو و خدەکانەوە دەسەڵات دەستەبەر دەکەن، ئەوە سەرمایەی هێمایین، بۆ نموونە، زمانە کە دەبێتە ئامرازی سەقامگیری و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات. بەمجۆرە، زمان، ئیتر تەنیا ئامرازی پێوەندیی نییە، بەڵکو ئامرازی سەپاندنی دەسەڵاتە**

لێدرا و خوینەر بوو بە تەوەری ســـەرەکیی مانائافرێنی. دوای مەرگی یەک‌بەیەکی ئەم کوچکانە جۆرێک لە هاوکێشی هاتە ئاراوە و ئیتر هەر کام لەو کوچکانە ڕۆڵێکیان پێ ئەســـپێردرا و خوێندنـــەوە و ماناکردنەوە و ڕاڤەکـــردن بوو بە کردەیەکی چەندرەهەندی کە کەڵکی لـــە زیاتر لە بۆچوون و تیۆرییەک وەردەگرت. هەر لە ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی ڕوانینی هزری بۆ هونەر و ئەدەب، پرســـی مانـــای دەق گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و مرۆڤ خولیای تێگەیشـــتنی دەقەکان بووە. کێشەی نێوان بۆچوونە جیاوازەکانیش لەســـەر دەق، سەرەڕای ئاستی ئابستراکت یاخود کۆنکرێتی باسەکان، بەردەوام لە دەوری دوو تەوەر و ڕوانگەی تەواو بەیەک جیاوازدا ســـووڕاونەتەوە: دەق و کۆدەق، ســـوننەت و مۆدێرنیتە، فۆرم و ناوەڕۆک، ناوەکی (in-tern) و دەرەکی (extern). لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تیۆریی ئەدەبی و ڕەخنەی کرداری و ڕەخنەی نوێی ئامریکایی، خولیـــای دۆزینەوەی مانای لە پێکهاتەی وشـــەیی دەقیان‌دا هەبوو. هەر لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیە واتا سەدەی بیستەمدا کاتێک زمان‌ناسی، خۆی لە شۆڕشێکی بناخەیی‌دا دەبینییەوە و لە بۆچوونەکانی خۆی‌دا پشتی لە نەریتە کۆنەکان دەکرد و کاتێک خوێندکارانی فێردیناند دێسوێسور یادداشتەکانیان لە وانەکانی مامۆســـتاکەیان بڵاو کردەوە، وردەوردە هەوڵ‌دان بۆ جێنشین‌کردنی چی‌بوونی مانا بە چلۆنایەتیی بەرهەم‌هێنانی مانا بوو بە ڕەوتی زاڵی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان. سەردەمانێک کە کۆمەڵگەی ڕووسیا خۆی بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئامادە دەکرد و پرسی چلۆنایەتیی بەئەنجام‌گەیاندنی شۆڕش باس و خواستی خەستی خستبووە نێو شۆڕشگێڕانی ڕووسیا و پلێخانۆفی مۆنشویک و لێنینی بۆلشویک دەمەقاڵەی شۆڕش و ڕێبەرایەتییان بوو، تیۆریسیەنە ئەدەبییەکانی ڕووس ڕەوتێکیان دامەزراند کە لە ســـەد ســـاڵی ڕابردوودا، تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبییان قەرزداری خۆیان کردووە. هەوڵی سەرەکیی ئەو ڕەوتـــە کە دواتر بـــە فۆرمالیســـتەکانی ڕووس ناوبانگی دەرکرد ئەوە بوو کە ئەدەب پێناسە بکات و کۆمەڵێک پێوەری بەرهەســـت (objective) بۆ پێناســـەی ئەدەب و ئەو شتەی ئەوان بە ئەدەبییەتیان ناوزەد دەکرد، دەست‌نیشان بکات. بەڵام کارتێکەریی زمان‌ناسیی سوێسور زەمانێک خۆی لە ئەدەب‌دا دۆزییەوە کە کەسانێک باســـیان لە پێکهاتەی ئەدەب کرد و هەوڵیـــان دا بزانن ئەو پێکهاتانەی دەبنە هۆی بەرهەم‌هێنانی مانای گێڕانەوەکان کامانەن. ئەوەش دروست ئەو پرسیارە بوو کە سوێسور لەمەڕ زمان ئاراستەی کرد و هەوڵی دا بزانێت خاڵی هاوبەشـــی هەموو زمانەکان، واتا زمان بە مانا ئابستراکتەکەی خۆی، چییە و چۆن مانا دەئافرێندرێت. پێشتر ڤلادیمیر پرۆپی ڕووسی کارێکی هاوچەشنی بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی چیرۆکە ڕووسییەکان کردبوو و توانیبووی حەوت پێکهاتەی سەرەکی لەنێوان هەموو چیرۆکەکان‌دا بدۆزێتەوە. پرۆپ بە دۆزینەوەی ٣١ کارکـــرد، هەمـــوو پێکهاتە مومکینەکانـــی چیرۆکگەلی گەلەریانەی ڕووسیا دەست‌نیشـــان دەکات. ئەمە هەنگاوێکی گرنگـــی پۆلێن‌کردنی گێڕانەوەکان بوو و دواتر دەســـتکەوتی زیاتری ئەدەبیی بە دوای خۆی‌دا هێنا.

هەر بەو جۆرەی کە سوێســـور لە نێوان ئاخافتن (parole) و زمـــان‌دا (langue) جیاوازیـــی دانا، ســـەرەتاکانی بۆچوونی پێکهاتەخوازانە و فۆرمالیستی لە هەڵسەنگاندنی گێڕانەوەکان‌دا بوو بە دەستنیشـــان‌کردنی جیاوازیی نێوان فابولا (fabula) و سووژە (sujet). لە کاتێک‌دا فابولا بریتی‌بوو لە وێناکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوە بەو جۆرەی کاراکتەرەکان ئەزموونی دەکەن، سووژە شتێک نەبوو جگە لە نەزمی ڕەوتی ڕووداوەکان بەو جۆرەی کە ئاراستەی خوێنەر دەکرێن. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر فابولا ڕەوتی زەمەنیـــی ڕووداوەکان لە گێڕانەوەکەدان، سووژە دەرەنجامی دەکارهێنانی ئەو تێکنیکە گێڕانەوەییانەیە کە ڕەوتی زەمەنیی ڕووداوەکان دەستکاری دەکات و تیفتیفەیان دەدات و پاش و پێشـــیان پێ دەکات و بە زمانی تێکنیکی و چەمکیانە بریتی‌یە لە بۆ نموونە تیشکی بەرەودواوە (analep-tic) و بـــەرەو پێشـــەوەی (proleptic) لە گێڕانەوەدا. بەڵام ئەو هەوڵە گرنگ و پێویســـت و ڕێنوێنانە نەیانتوانی باسی مانا و مەبەست و کارکردی ئەدەبی لە زەینی ڕەخنەگران بەرنە دەر. کاتێـــک ڕەخنەگری ئامریکی، جودیس فێتتێرلی، لە ١٩٧٦دا گوتی کە «ئەدەب شـــتێکی سیاســـی‌یە» لە ڕاستی‌دا کاکڵی چەندین بۆچوونی تیۆریکی لە ڕســـتەیەکی کورت‌دا دەربڕی. ڕەوتـــی بۆچوونە پێکهاتەخوازانەکان لە گەشـــەی بەردەوامی خۆیان‌دا زەمینەخۆشـــکەری سەرهەڵدانی چەمکێکی گرنگی تیۆریی ئەدەبی بوون بە ناوی گێڕانەوەناســـی (narratology) کە مەبەســـتی تێگەیشـــتن بوو لە پێکهاتەی گێڕانەوە و ئەو پرسیارە کە گێڕانەوەکان چۆن دەگێڕدرێنەوە. لێکۆڵەرانی ئەم بوارە پرســـیار دەکەن کە گێڕانەوەکان چۆن دەگێڕدرێنەوە و پێکهاتە ســـەرەکییەکانیان کامانەن و کارکردی ئەم پێکهاتانە دواجار چۆن دەبنە کەرەســـە و ئامرازی خوڵقاندنی مانا. ئەگەر ئێمە ڕۆمان وەک فۆرمی زاڵی گێڕانەوەی ئەدەبیی ئەم سەردەمە دابنێین، ئەودەم هەوڵی تیۆری‌زانانی گێڕانەوەناسی بریتی‌دەبێت لە دەستنیشـــان‌کردن و دۆزینەوەی شـــێوازەکانی گێڕانەوەی هەمـــوو ڕۆمانەکان و بەم جۆرە هەوڵ‌دان بۆ پۆلێن‌کردنیان بە گوێرەی ئەم پێکهاتە و تایبەتمەندییە هاوبەشانە. هەڵبەت دەبێ لـــە بیرمان بێت ئەم چەمکە وەک مێتۆدێک بۆ تاوتوێ‌کردنی گێڕانەوەگەلێکی دیاریکراوی سەردەمێکی دیاریکراویش دەکار دێت. بۆ نموونە ڕەخنەگر یان لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبی دەتوانێ لە ئەدەبی گێڕانەوەیی سەدەکانی ناوەڕاست بکۆڵێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی پێکهاتەکان و شێوازەکانی بەرهەم‌هێنانی مانا بدات. ڕەنگە لە جێی خۆی‌دا بێت کە لێرەدا ئاماژە بە یەک لە گرنگ‌ترین کەسانی ئەم بوارە واتا ژێرار ژێنێ لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بکەم کە بە ڕەچاوکردنی ئەم چەمکە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە چەمکەکانی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی‌دا پێک‌هێنا. بە کورتی گێڕانەوەناس بە شەن‌وکەوکردنی گێڕانەوەکان بەشە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوەیەک یان چەندین گێڕانەوە دەدۆزێتەوە و هەوڵ دەدات پێوەندیی ئەم بەشە پێکهێنەرانە بە یەکترەوە دیاری بکات. کەواتە هەر کاتێک گێڕانەوەیەک کە پێکهاتەیەکە لە ڕووداوێک و کەسایەتییەک، هاتە ئاراوە، گێڕانەوەناس دەتوانێ دەســـت بە شـــی‌کردنەوەی کارکردی ئەم گێڕانەوەیە بکات و گێڕانەوەناسیی چیرۆکیانە یاخود گوتاریانە دەکار بێنێت و بۆ ئەم کارەش ناچار دەبێت لە دەکارهێنانی چەمکگەلی تیۆری‌زانانی

ئەم بوارە، بۆ نموونە، پرۆپ، تۆدۆرۆڤ، مانفرێد جان، ژیرار ژنێ و هتد. لێرەدا ڕۆمان وەک ژانر و کەی و چۆن سەری‌هەڵداوە و گەشەی مێژووییەکەی، مەبەستی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە نییە. ئـــەوەی گرنگە ئەوەیە کە گێڕانەوە چییە و چۆن ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ و ئەوەش دروســـت ئەو شـــتەیە سوێسور لەگەڵ زمان‌دا کردی. ئەگەر بۆ سوێســـور لانگ لایەنی ئابستراکت و پارۆل لایەنی کردەیی ئاخافتن بوو، بۆ گێڕانەوەناسیش گێڕانەوە هەڵگری لایەنی پێکهاتەیی و مانایی‌یە و دۆزینەوەی چلۆنایەتیی کارکردی پێکهاتەی گێڕانەوە ئامانجی سەرەکیی گێڕانەوەناسە. ســـەرەڕای گەشـــەی چەمکی گێڕانەوەناسی لە چەند دەیەی ڕابردوودا و ســـەرەڕای ئاراســـتەکردنی تیۆریگەلی جیاواز لەم بوارەدا، دەکرێ گێڕانەوەناســـی بە شـــێوەیەکی گشتی وەک هەوڵی تاوتوێ‌کردن، هەڵسەنگاندن، شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دەقگەلی گێڕانەوەیی بێ بە ئامانجی دەستنیشان‌کردنی گێڕەوە و تایبەتمەندییەکانـــی تری گێڕانەوەکە وەک پێکهاتە (-struc ture) و بەرهەم‌هێنانی مانا.

**بیروهزر لە ڕوانگەیەکی بۆردیۆیی، زمان بە دوو میکانیزمی پەسەندکردن و ڕەوایی بەخشینی سیستەمی سیاسی، یان وەک هێزی بەرەنگاربوونـــەوە خەریکی دژایەتی و لێ‌سەندنەوەی شەرعیەتی سیاســـی‌یە و لەم ڕێگایەوە بەردەوام لە هەوڵی دابین‌کردنی ســـنوورەکانی خۆیەتی. گێڕانەوە چۆن دەتوانێ ئەم تایبەتمەندییەی زمان ئاشکرا بکات؟**

بە وردبوونەوە لە سیســـتمی فیکریی بۆردیۆ تێدەگەین کە دەسەڵاتی هێمایین لە ڕێگەی ئامرازێکی توانا و بڕیاردەری وەک زمانەوە دەتوانێ دواجار شـــەڕی دەسەڵاتی چین و توێژەکان یەکلا بکاتەوە. بەستێنێکی لەبار بۆ دەرخستن و نیشان‌دانی ئەم تواناییەی زمان گێڕانەوەیە. تۆ کە پیرەمێرد و زەریات ئافراند بە بەردەنگەکەت دەسەلمێنی کە هەموو کۆسەکانی دەریا ناتوانن چۆکت پێ دابدەن و ســـەبەی هەمدیســـان دەچیتەوە زەریا و لە شـــەڕی نان بەردەوام دەبی. تۆ بـــە ئاگابوون لە ڕۆڵی زمان و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی، گێڕانەوە دەکەی بە بەســـتێنی ململانێی کۆمەڵایەتی. لێرەدا من وێکچوویەکی زۆر لە نێوان بۆچوونی بۆردیۆ و چەمکی هێژمۆنیی کولتووریی گرامشـــی‌دا دەبینم. ئەگەر ڕۆژگارێک بۆ مارکس چارەی ڕزگاریی پرۆلێتاریا یەکگرتن و ڕێکخراوە بوو، ئێســـتا هەوڵ‌دان بۆ بەربەرەکانیی لەگەڵ هێژمۆنیـــی کولتووریی چینی باڵادەســـت، دەورێکی بڕیـــاردەر دەگێڕێت و گێڕانەوە لە هەمـــوو بوارەکان‌دا دەتوانێ ببێت بە مەکینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە ئامادەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا.

لە بۆچوونێکی بۆردیۆییەوە دەکرێ مرۆڤ هەمدیسان باوەڕ بە کارکردی بێ‌وێنەی زمان لە پراکتیزەکردنی دەســـەڵات‌دا بێنێتەوە. ئەگەر سەرمایە جیاوازەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ســـیمبۆلیک دەکەن بە نوێنەر و ڕێگەخۆشکەری ئاڵوگۆڕییەکان، زمان لە ڕاســـتی‌دا بۆ بۆردیۆ فاکتۆر و بکەری وردکردنەوەی دەســـەڵاتە. بـــە واتایەکی تر، زمـــان ئامرازی دەسەڵاتە. ڕەنگە هەر لەو سونگەیەشەوە بێت دەسەڵات هەموو دەمێ کۆمەڵێک نووســـەر و بێژەر و شرۆڤەکاری توانای هەیە بۆ گەیاندن، تۆ بڵێ ســـەپاندنی پەیامەکـــەی. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە پێویســـت ناکات کە دەوڵەت وەک خاوەن مۆنۆپۆلی کەڵک‌وەرگرتن لە زەبروزەنگ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست بۆ لەناوبردنی فیزیکی و تەمبێ‌کردنی خەڵکانی ژێردەسەڵاتی خـــۆی بەرێت. ئەو دەتوانێت لە ڕێگەی «ئامرازی نەرمەوە» ئەم ئامانجە بپێکێت. زەبروزەنگی سیمبۆلیک بە ئاشکرا هەستی پێ ناکرێـــت و بکەر و بەرکارەکان، دەســـەڵاتی ڕووت و خەڵکانی بندەســـت، لە بەڕێوەبردنـــی‌دا بەشـــدارن و بەپێی چەمکی ســـەرەکیی تیۆریی بۆردیۆیـــی، واتا هەبیتـــوس (Habitus)، مرۆڤەکان وەها دەچنە ژێر کارتێکەریی ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و کردەوە کە لە ڕاستی‌دا بوونەتە بەشێک لە ڕفتاری ڕۆژانەیان. لێرەدا وێکچوویەکی سرنجڕاکێش لەگەڵ چەمکی فوکۆیی چاوەدێری و پانۆپتیسیزم(Panopticism) ، واتا خستنە ژێر چاوەدێریی وردی مرۆڤەکان بە شـــێوەیەکی نادیار، بەڵام لـــە ناوەندەوە، دەبینین. زمان لێرەدا ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە لە چەمک‌سازیی فوکۆیی‌دا بە گوتار (discourse) دەسپێردرێت. هەڵبەت جیاوازیی ســـەرمایە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بنەمای جیاوازیی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەدا و بێ‌گومان زمانێک کە خاوەندارانی سەرمایەگەلی کولتووری و کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکاری دێنن، هەڵگری تایبەتمەندییە دەســـەڵات‌تەوەرەکانی خۆیەتی. ئەگەر سەرمایە سیمبۆلیکەکان بریتی‌بن لە ئامرازگەلی ســـازکردنی (construction) واقیع (reality) ئەوە زمان وەک گرنگ‌ترین ئامرازی ئەم ڕەوتە دەژمێردرێت.

ســـەرمایەی ئابووری، ســـەرمایەی کولتووری، واتا ئەوەی تـــۆ هەتە و تـــۆ دەیزانی، و ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی، واتا ئەو شـــتگەلەی کە شـــوێن و ڕۆڵ و کاریگەریی تۆ لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن، لەگەڵ سەرمایەی هێمایین (symbolic) مانا بە بوون و کردەوەگەلی تۆ لە کۆمەڵگەدا دەبەخشن. خوو و خدەی (habitus) مرۆڤـــەکان لە گۆڕەپانـــە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت بە هۆکارێک بۆ نیشان‌دانی جیاوازییە ڕەفتارییەکان. خوو و خدەگەلی ڕۆژانە دواجار بنچینەی چینایەتی و پەروەردەیی و بنەماڵەیـــی و کولتوورییان هەیە. بە بـــاوەڕی بۆردیۆ خوو و خدەی مرۆڤ دەرەنجامی پرۆسەیەکی پێچەڵپێچی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی و پێکهاتەیی‌یە و لە چوارچێوەی یاساکانی یاری (doxa) لـــە کردەوەگەلـــی ڕۆژانەدا، زۆر جار بە شـــێوەیەکی ناخودئاگایانە، خۆی دەردەخـــات. واقیع بۆ بۆردیۆ چەمکێکی کۆمەڵایەتی‌یە و لە ڕاســـتی‌دا بوون، لـــە دەرەوەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی‌دا ناتوانێ هەبێت. پێوەندیی دەسەڵات لەناو گۆڕەپانە جیـــاوازەکان و لەنێوان ئەوان‌دا ڕەفتـــار و کردەوەکانی مرۆڤ دیاری دەکات.

لـــە کاتێک‌دا ســـەرمایە جۆراجۆرەکان لە نـــاو و لە نێوان گۆڕەپانـــەکان‌دا لـــە ڕێگەی خـــوو و خدەکانەوە دەســـەڵات دەستەبەر دەکەن، ئەوە سەرمایەی هێمایین، بۆ نموونە، زمانە کە دەبێتە ئامرازی سەقامگیری و بەرهەم‌هێنانەوەی دەسەڵات. بـــەم جۆرە، زمان، ئیتر تەنیا ئامـــرازی پێوەندی نییە، بەڵکوو ئامرازی ســـەپاندنی دەسەڵاتە. دەسەڵاتی بۆردیۆیی و فوکۆیی خاڵی هاوبەشیان زۆرە. دەسەڵاتێک کە ئەوان باسی دەکەن لە

**ویتگێنشتاین دێننە سەر ئەو باوەڕە کە لەنێوان زمانێك کە مرۆڤ پێی دەئاخەفێ و شێوازی بیرکردنەوەی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ ببینێت. بەمجۆرە، ئێمە پاڵپشتییەکی تری تیۆریکمان هەیە بۆ ئاگاداربوونەوە لە گرنگیی بڕیاردەرانەی زمان لە ئاراستەی دەسەڵات لە کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا.**

**نیولیبرالیزم دژایەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیاگەلێك دەکات کە بەرەنگاری نەزمی باو دەبنەوە. پرسیار ئەوەیە گەلۆ نیولیبرالیزم لە دەرەوەی کارکردی ئایدۆلۆژییانەدا دادەندرێت؟ بێگومان نا.**

هەموو شوێنێکدا هەیە. ئەگەر بۆ فوکۆ ئەم دەسەڵاتە دواجار خـــۆی لە گوتاردا دەردەخات، بۆ بۆردیۆ خۆی لە دەســـەڵاتی هێماییین، گۆڕەپانەکانی ئەدەب و هونەر و چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکاندا، دەردەخات. لێرەدا مرۆڤ ناتوانێ ئاماژە بە کۆمەڵێک باوەڕی گرنگی کەسانێکی وەک ویتگێنشتاین نەکات کە یارمەتیدەری تێگەیشـــتنی ئێمە دەبن لە کارکردی زمان لە کۆمەڵگەدا. وێکچوویی مانایی هێندێک وشـــە و کارکردی جیاوازی یەک وشە لە ژینگەی جۆراجۆری زمانیدا و هەروەها دەکارهێنانی وشەیەک بە مانایەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کۆمەڵێک خاڵی گرنگن کە تێگەیشتنی جیاوازی مرۆڤ لە هەلومەرجی جیاوازدا دەستەبەردەکەن. کۆمەڵگەیەکی زمانی (linguistic community) لە کەســـانێک پێکدێت کە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لە وشەیەک و چەمکێک و ماناکانی هەیە و بێ‌گومان سنوورێکی زمانیانە لە نێوان خۆیان و ئەوانی تری زمانییان دەکێشنەوە. ئەوانە شتگەلێکن کە ویتگێنشتاین دێننە ســـەر ئەو باوەڕە کە لەنێوان زمانێـــک کە مرۆڤ پێی دەئاخەفێ و شـــێوازی بیرکردنەوەی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ ببینێت. بەم جۆرە، ئێمە پاڵپشتییەکی تری تیۆریکمان هەیە بۆ ئاگاداربوونەوە لە گرنگیی بڕیاردەرانەی زمان لە ئاراســـتەی دەسەڵات لە کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا.

**دیارە زمـــان هەندێک جار لە ڕێگای گێڕانەوە وەک ئامرازی سەپاندنی ئایدۆلۆژیا یان بەها و بایەخێکی تایبەت خۆی نیشـــان دەدات. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژێر کاریگەری و هێژمۆنیی نیۆلیبرالیزم چەشنە دژایەتییەکی کەم-وێنە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا سەریهەڵداوە، گێڕانەوە و زمان دەتوانن دوور لە ئایدۆلۆژیا دەوری خۆیان بگێڕن؟**

پرســـیار لەمەڕ کارکردی زمـــان لە ڕاســـتیدا زۆر ئاڵۆزە. ئەگەر زمان هەموو ئەو نەســـتە پێکهاتووەی مرۆڤ بێت هەر لە هەناوی خۆیدا هەڵگری شـــێوازی ڕوانین و تێگەیشـــتنی فەلسەفیی مرۆڤەکانیشە. گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنی دەورانساز و پارادیگمگـــۆڕی سوێســـور لەمەڕ لایەنـــی هێزەکیی زمان (langue) لـــە مرۆڤدا جارێکی تر وەبیرمان دێنێتەوە کە ئەو شـــتەی یارمەتیی من و جەنابت دەدات هەر ئێستا لە ڕێگای دوورەوە و بێ هیچ ناسینێکی پێشوەخت، بتوانین بە یەکەوە پێوەندی بگرین، شتێک نییە جگە لە زمان. فۆرمی نووسین و شێوازی ئەم پێوەندییە و جیاوازییەکانی پێوەندیگرتن دەتوانن تەنیا کارتێکەریی شێوازی یاخود فۆرمیانەیان هەبێ و هیچ لە ناوەرۆکی هزریانەی گفتوگۆ بێدەنگەکەی ئێمە کەم ناکاتەوە کە لە ڕێگای ســـەرمایەی کولتووری و زمانیی ئێمەوە دەبێتە شتێکی کردەکی. هەراوهوریای چەند دەیەی ڕابردوو سەبارەت بە دژایەتیی لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا بۆخۆی جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیا. کاتێک جاڕی کۆتایی مێژوو لێدرا ویســـتیان هەمدیسان بە مرۆڤـــەکان بڵێنەوە ئێـــوە ناتوانن لەگەڵ نەزمـــی باودا هیچ بەرنگارییەک بکەن. ئەوەی کە ٣٠٠٠ کەس لە ئێستادا سەروەت و سامانیان بەقەد نزیک بە نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی واتا سێ و نیو میلیارد مرۆڤە، شتێکی سروشتییە و تۆ ناتوانی هیچی لەگەڵ بکەی. نیۆلیبرالیـــزم دژایەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیاگەلێک دەکات کە بەرەنگاری نەزمی باو دەبنەوە. پرسیار ئەوەیە گەلۆ نیۆلیبرالیزم لە دەرەوەی کارکردی ئایدۆلۆژیانەدا دادەندرێت؟ بێ‌گومان نا. بەدەر لە شـــێواز و کۆدەقی بەربەرەکانییەکان، بە باوەڕی من پرسیارە سەرەکییەکانی بیرمەندانی مارکسیستی و خوازیارانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندیی ژیانی مرۆڤەکان و بەها مرۆڤییەکاندا هێشتا هەر لە جێگای خۆیەتی. شکستی کۆمەڵێک ئایۆلۆژیا و سەرنەکەوتنیان لە وەدیهێنانی خەونی کۆمەڵگەیەکـــی ئازاد و یەکســـاندا نابێتە هۆی ســـڕینەوەی پرسیارەکان، بەڵکوو تەنیا هاندەرن بۆ هەوڵی زیاتر بۆ دۆزینەوەی وەڵامـــی شـــیاوتر و گونجاوتر. تا ئەو جێگایـــەی دەگەڕێتەوە ســـەر دەوری زمان و گێڕانەوە لەم پێوەندییەدا و ئایا دەتوانن لـــە دەرەوەی ئایدۆلۆژیادا دەوری خۆیان بگێڕن، پرســـیارێکی هەســـتیار و بە باوەڕی من هەستیناسانەیە. من وای بۆ دەچم وەڵامێکـــی ئامادە و حازروبزر بۆ ئەم پرســـیارە لە ئارادا نییە و تەنیا ڕاڤەیەکی تێروتەسەل دەتوانێت ڕووناکی بخاتە سەر ئەم بوارە. بە واتایەکی تر گێڕانەوە، بەتایبەتی گێڕانەوەی ڕۆمانیانە بـــە مانا کۆندێرایی و باختینییەکەی دەتوانێ گوزارە لە ڕۆح و گرفتەکانی سەردەمی خۆی بکات و بە شێوەیەک ئەم پرسیارە لە شێوەی گێڕانەوەیەکی دوور و درێژدا ئاراستە بکاتەوە. لێرەدا دەخوازم ئاماژە بە گرنگیی پرسیار بە شێوەیەکی گشتی بکەم و بڵێم پرســـیاری دروست و کۆنکرێت لە ڕاستیدا بەشێک لە وەڵامە و دەتوانێت یارمەتیدەری گەڵاڵەکردنی سەرکەوتووانەی داتاکان بێت بۆ دەســـتەبەرکردنی ئەوەی پێی دەڵێن وەڵام و هەروەها ئافراندنی پرسیارگەلی تازە.

زمـــان دەتوانێ هەڵگری باوەڕ و ئایدۆلۆژیای جۆراجۆر بێت، بەڵام دواجار لە هەڵســـەنگاندن و ئاراســـتەکردندا دەتوانێت گۆڕەپانی کێبەرکێی هێز و هزرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیش بێت. ســـەرکەوتنی هێزە بەرهەڵســـتکارەکان بەسەر یەکتردا دواجـــار زمانی تایبەتی خـــۆی دەئافرێنێـــت و ئامانجەکانی خۆی پێ دەپێکێنێت. گێڕانەوەکان دواجار شـــتێک نین جگە لە دارشـــتنەوەی زمانیانەی ئەوەی کە هەیـــە و ڕوو دەدات و جووڵـــەی کۆمەڵگە دەســـتەبەر دەکات و ئەوە تێگەیشـــتنی گێڕەوەیـــە لە بوون و هەبوون کە مانـــا و فۆرم بە گێڕانەوەکە دەبەخشـــێت. هەموو فاکتۆرە بڕیاردەر و کاریگەرەکانی زەینی گێڕەوە وەک بکەر، بە زمانیشەوە، شێوە و ناوەرۆکی زمانیانەی ئەو دیاری دەکەن.

**بیرەوەری لە ناو گێڕانـــەوەدا خاوەن ڕۆڵیکی تایبەتە؛ لەناو تیۆرییەکانـــی پەیوەندیدار بە گێڕانەوەدا، مێـــژوو و بیرەوەری و ڕۆمـــان چ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟**

لە ڕاســـتیدا بیرەوەرینووسین و ڕۆژنامەڤانی، دوو لە ژانرە ڕێخۆشکەرەکانی ســـەرهەڵدانی ڕۆمانن وەک باوترین ژانری گێڕانەوەیـــی لە ســـەردەمی مۆدێرندا و وەک مانیفێســـتی ئەدەبیانەی مۆدێرنیتە. بیرەوەری بە مانای وشـــەییەکەی، واتا ئەو شتانەی مرۆڤ لەبیری دەمێنێت، یەک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مرۆڤە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە نەبوایە



ژیان نەیدەتوانـــی بەردەوام بێت و شـــتێک بەناوی ئەزموون نەدەبوو. ئێمە بە هۆکاری وەبیرهاتنەوەی ئەو شتانەی فێریان دەبین دەبینە خاوەنی کەســـایەتی و ناســـنامە. لە دەرەوەی بیرەوەرییـــەکان‌دا مرۆڤ خاوەنی هیچ ناســـنامەیەک نییە. بۆ چرکەیەک بیرکردنـــەوە لە مرۆڤێکی بێ‌بیرەوەری، ئەم مرۆڤە دەکات بـــە تەنیا جەســـتەیەکی ڕووت. ئەوانـــەی کە توانایی وەبیرهێنانەوەیان نامێنێ و خۆیان و کەســـانی تر ناناســـنەوە وەک شـــتێکی نەبوو وان. دیاردەی بیرەوەری و فەرامۆشی دوو جەمسەری پێویستی کەســـایەتیی مرۆڤن. ئەگەر فەرامۆشی نەبوایـــە مـــرۆڤ نەیدەتوانـــی بەرگەی ئەوە بگرێـــت کە ئەو هەموو زانیاریانەی تووشـــیان دێ و وەریان‌دەگرێت، لە زەینی خۆی‌دا ڕابگرێت. ســـەرەڕای ئەمەش مرۆڤـــەکان بەردەوام لە لەبیرچوونەوە و فەرامۆش‌کردن دەترســـێن و هەوڵ دەدەن بە دووپات‌کردنەوەی ئەو شتانەی فێریان بوونە زانیارییەکانیان لە مەترسیی فەرامۆشـــی بپارێزن. ئەگەرچی لە نێوان مرۆڤەکان و توانایی لەبیرمانەوەی زانیارییەکان جیاوازیی هۆشیی بەرچاو هەیە، بەڵام بە گشتی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤە ئاساییەکان زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانیان فەرامۆش دەکەن.

بیرەوەری بە مانای ژانرێکی ئەدەبیی نووســـین مێژوویەکی درێژی هەیە و ڕەنگە لەگەڵ مێژووی ســـەرهەڵدانی نووسین هاوتەمەن بێت. سەردەمانێک پادشایانی گەورەی وەک کوروش و داریوشی هەخامنیشی بە چەند دێڕ و لەسەر بەرد و ئارامگەکانیان باســـی خۆیان دەکرد و ئەمانە بۆ هێندێک تیۆریسیەنی بواری گێڕانەوەناســـی، وەک یەکەم گێڕانەوەکانی تاکەکەسی پۆلێن دەکرێـــن. لە ڕەوتـــی مێژوویی‌دا ئەم بوارە گەشـــە دەکات و کەســـانی دەست‌ڕۆیشتوو و دەســـەڵاتدار بیر لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیان دەکەنەوە. بەڵام ئەوە بە ســـەرهەڵدانی تاک و تاکبڕوایی‌یە کە وەک دەرهاویشتەی مۆدێرنیتە ڕێگەی سەرهەڵدانی ژانری بیرەوەری‌نووسی هەموار دەکرێت و یەکەم بیرەوەرییە مۆدێرنەکان لە ڕۆژاوا سەرهەڵدەدەن. دان‌پێدانانەکانی ئاگۆستینی پاک دەکرێت وەک دەستپێکی ئەم ژانرە ئەدەبییە دابندرێت و ڕەوتی گەشەکەشەی لە دان‌پێدانانەکانی ژان ژاک ڕۆسۆدا بەردەوام بووبێت. ئەم ڕەوتە هەر وەک ژانری ڕۆمان لە چەند سەدەی ڕابردوودا پەرەی ئەستاندووە و پەرێوەی هەموو بەشـــەکانی دونیا بووە و لە فەرهەنگە جیـــاوازەکان‌دا فۆرم و ناوەرۆکی جیاوازی وەرگرتووە. گرنگیی بیرەوەریی و کارکردی ئەم دیاردەیە ســـەرنجی لێکۆڵەرانی بوارە جیاوازەکانی زانســـتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئایا ئەوەی ئێمە بەناوی بیرەوەریی کەســـێک دەیخوێنینەوە بەڕاست ئەو شـــتانە بووە کە ڕوویان داوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە دان‌پێنراوەکان نەرێنی‌یـــە. هۆکاری نەرێنی‌بوونی وەڵامەکەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە ئێمە شتەکانمان وەک خۆیان لەبیر نامێنێتەوە. بەشی زۆری ڕووداوەکانمان لەبیر دەچێتەوە. دوایە کە دوای ســـاڵانێکی زۆر هەوڵی نووسینەوە و گێڕانەوەیـــان دەدەین میکانیزم و کارکـــردی زەین لەگەڵ ڕووداوەکان و بیرەوەرییەکان بە شێوەیەکی بژاردەیی (selec-tive) هەڵس‌وکەوت دەکات و تەنیا ئەو شتانەی دێتەوە بیر کە لەگەڵ لۆجیک و ناسین‌ناسیی ئێستای دەگونجێت. لە ڕاستی‌دا ناکرێت ڕابردوو تـــەواو وەک ئەوەی بووە بگێڕدرێتەوە، چونکە گێڕانەوە دواجار هەوڵی گوڵبژێرکردنـــی ڕووداوەکان دەدات و ئەوانـــە هەڵدەبژێرێت کـــە لەگەڵ بیر و بۆچوونـــی گێڕەوەدا دەگونجێت. ئەوە شتێکی بە هەڵکەوت نییە کە هیچ دوو کەسێک گێڕانەوەیەکی وەک یەکیان لە یەک ڕووداو نییە و هەر کەسەی بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی خۆی شتەکانی وەبیر دێتەوە. لێرەدا بە سەدان هۆکاری دیار و نەدیاری تاکەکەسی، مرۆڤی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی، ئایدۆلۆژیک دەست بە دەستی یەکتر دەدەن و بیرەوەرییەکانی ئێمە دەخەنە ژێر کارتێکەریی خۆیان و لە فیلتەری دەدەن. مرۆڤ دەتوانێ شتێکی بێتەوە بیر

**ئەوە دروستە کە مەبەست لە مێژوو بریتییە لە بۆچوونێکی زانستی بۆ واقیع و بۆ ڕاستی. بەڵام ئەو شتە ناتوانێ وەدی بێت، چونکە مێژوونووس لە ئێستادا دەژی نەك لە ڕابردوودا و ناتوانێ تەواو بەرهەست (objective) بێ و هەروەها زمانیش ناهێڵێت ئەو بێلایەن بێت. گریمانەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە تۆ هەر شتێك بگێڕیتەوە ناتوانی لە کارتێکەریی بۆچوون و تێڕوانینی خۆت دەربازی کەی و بێلایەنی بپارێزی.**




که هەرگیز رووی نەداوە و بە پێچەوانەوە شتێکی لەبیر بچێتەوە کە زۆر بەرچاو و ناسراو بووە. بەستێنی فەرهەنگیی ئەو کەسانەی بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە زۆر گرنگە لەوەی کە ئەوان چیان بێتەوە بیر و چیان نەیەتەوە بیر. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە بیرەوەرییە تاکەکەسییەکان و باسکردن لە وردەکارییەکانی ژیانی تاکەکەسی زیاتر دیاردەیەکی رۆژاوایین تا رۆژهەڵاتی. ئەوەی کە لە ئاییینی مەسیحییەتدا دیاردەی دانپێدانان بە گوناهان هەیە و تاک لە بەرامبەر قەشەدا باس لە گوناهانی خۆی دەکات هۆکارێکی رێگەخۆشکەر بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە رۆژاوادا. لە چوارچێوەی ئایینگەلی تر، بۆ نموونە ئیسلامدا تۆ ئەم راز و نیازە بە شێوەیەکی تر دەکەی و هەر «خۆت و خودای خۆت» ئاگاداری بەسەرهاتەکە هەن. چاوێک لە بیرەوەرییە فارسی و کوردییەکان ئەم راستییە زیاتر نیشان دەدات. ئەوەی کە دەبیسین کەسایەتییەکی گەورەی ئایینی راز و نیازی لەگەڵ چاڵاوێکدا دەکات و سەری بە بیرەکەدا شۆڕ دەکاتەوە، گوزارەیەکە لە راگرتنی راز لە هەناوی خۆتدا. دەردەدڵکردنی ناسرەددین شای قاجار لەگەڵ پشیلەکەی، نموونەیەکی ترە لە هەڵگرتنی رازەکان لە زەینی خۆتدا و دووریکردن لە باسکردنیان لەگەڵ کەسانی تر.

هەڵسوکەوتی بژاردەیانە لەگەڵ رابردوو خاڵی هاوبەشی بیرەوەرینووسی و مێژوونووسییە و لە هەر دووکیاندا لایەنی زەینی (subjective) بەسەر گێڕانەوەکاندا زاڵە. خاڵی هاوبەشی بیرەوەرینووسی و رۆمانیش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر لایەنی فانتێزیایی و خەیاڵیبوونی هەر دوو ژانرەکە. لە روانگەیەکی گێڕانەوەناسییەوە و ئەوەی ژیرارد ژێنێ پێی دەڵێت سیلەبینییەکی جەختکراوە (focalization) بیرەوەرینووسی، گێڕانەوەیەکی یەکەمکەسانەیە کە بەسەرهاتی خۆی دەکاتە ناوەندی گێڕانەوەکە و بە ناوی بیرەوەرییەکانی خۆیەوە بڵاویان دەکاتەوە. لە راستیدا زۆرجاران ئەگەر لەسەر بەرهەمێک نەنووسرێت کە رۆمانە یان بیرەوەری، رەنگە بۆ خوێنەری دەقەکە زۆر ئەستەم بێت بڕیار بدات کە گێڕانەوەکە سەر بە کام ژانرە. واتا رۆمانێک کە لە سیلەبینیی یەکەم کەسەوە نووسرابێت و بیرەوەرییەک کە وەک تایبەتمەندیی ژانریانەی دەبێ لەم سیلەنیگایەوە بنووسرێت جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە. بۆ نموونە ئایا رۆبینسۆن کرۆزۆی دانیەل دیفۆ بەسەرهاتی خودی نووسەرە یاخود هی رۆبینسۆنێکی خەیاڵییە؟ لەبیرمان نەچێت کە ناوی تەواوی ئەم رۆمانە ژیان و بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکانی رۆبینسۆن کرۆزۆیە. لەم خاڵەدا رۆمان و مێژوو و بیرەوەری زۆر جاران سنوورەکانی یەکتر دەرباز دەکەن. ئەگەر بڕوانینە رۆمانگەلی دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە، زۆر جاران بەسەرهاتی کەسێکی خەیاڵی وەک «مێژوو» ناوزەد کراوە. بۆ نموونە بەسەرهاتی تام جۆنزی هێنری فیلدینگ وەک «مێژووی» تام جۆنز چاپ کراوە.

**ئەگەر مێژوونووس دەبێ خۆی بە چەکی بینین و سەلماندن تەیار بکات، ئەوە رۆماننووس دواجار وەک هونەرمەندێکی نیگارکێش بە ڕیزکەردنی پەیڤەکانی، تابلۆی دیوی ناوەوەی مرۆڤەکانی دەکێشێتەوە و بەم کارەشی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئەوان دەخاتە ناو تابلۆیەکی زەینیی بە وردەڕیشاڵەوە.**

ئەوە دروستە کە مەبەست لە مێژوو بریتییە لە بۆچوونێکی زانستی بۆ واقیع و بۆ راستی. بەڵام ئەو شتە ناتوانێ وەدی بێت، چونکە مێژوونووس لە ئێستادا دەژی نەک لە رابردوودا و ناتوانێ تەواو بەرهەست (objective) بێ و هەروەها زمانیش ناهێڵێت ئەو بێلایەن بێت. گریمانەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە تۆ هەر شتێک بگێڕیتەوە ناتوانی لە کارتێکەریی بۆچوون و تێڕوانینی خۆت دەربازی کەی و بێ-لایەنی بپارێزی. لەسەر ئەم بنەمایە هیچ دوو گێڕانەوەیەک ناتوانن وەک یەکتر بن و لە کارتێکەریی راستەوخۆی گێڕەوە دەربازیان بێت. بۆ چرکەیەک رۆڵ و کەسایەتیی کاراکتەری سەرەکیی رۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێل وەبیر خۆمان بێنینەوە. وەک دەزانین وینستۆن سمیت لە وەزارەتی راستیدا کاری دەکرد کە بە مینیترو (mini-true) بەناوبانگ بوو. ئەو بەرپرسی پێداچوونەوە و نووسینەوەی بەردەوامی مێژوو بوو بە جۆرێک کە لەگەڵ گێڕانەوە و خوێندنەوەی دەوڵەتدا یەک بگرێتەوە. ئەمە لە راستیدا شتێک نییە جگە دەستکاریکردنی رووداوەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا و نیشان دەدات کە چۆن گێڕانەوەکان دەگۆڕدرێن و لە بەرژەوەندیی بۆچوونێکی دیاریکراوڕا دەگێڕدرێنەوە.

لە تیۆریی ئەدەبیدا باسێکی کۆن کە لە ئێستاشدا هەر بەردەوامە پێوەندیی نێوان داستان(fiction) و واقیع یاخود فەکتە (fact). ئەرەستوو داستان یاخود خەیاڵ بە سازکراوێک یاخود وەسەریەکنراوێک دادەنێت لە بەرامبەر واقیعدا. دەیڤید لاج ئەم پێوەندییە وەک بنەمایەک بۆ باس و خواستی ئایدۆلۆژیک و فەلسەفی دادەنێت. هێندێک لە تیۆریزانان، بۆ نموونە جێرێمی هاوتۆرن، وێکچووییەکی زۆر لە نێوان داستان و واقیعدا دەبینین و تەنانەت لە تێکەڵاوکردنی ئەم دوو وشەیە لە زمانی ئینگلیسیدا وشەیەکی لێکدراوی تازە بەناوی faction ساز دەکەن و مەبەستیان نیشاندانی کاڵکردنەوەی سنووری ئەو دوو چەمکەیە.

یەک لە بنجۆرەکانی رۆمان بریتییە لە رۆمانی مێژوویی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە بەرهەمەکانی والتێر سکات لەدایک بوو. لە راستیدا تێمی سەرەکیی رۆمانی مێژوویی، رووداوگەلی مێژووییین. بەڵام ئەم تێمە هاوبەشە لە نێوان رۆمانی مێژوویی و مێژوونووسیدا بە دوو شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات. جیاوازیی مێژوو و رۆمانی مێژوویی، ئەگەرچی هەر دوو باس لە بوارێکی مێژوویی دەکەن، لە زۆر رەهەندەوە دەکرێ باس بکرێت. بەڵام رەنگە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دیوی دەرەوە و ناوەوەی رووداوەکان، بەتایبەت لەگەڵ هەست و دونیای دەروونی کاراکتەرەکان خاڵی جیاوازیی سەرەکی بێت. لە کاتێکدا دەقی مێژوویی باس لە لایەنی دەرەکی و بەرهەستی رووداوەکان دەکات و بۆ نموونە دەڵێ لە شەڕێکی دیاریکراودا چەند کەس کوژران و چەندە وڵات

داگیـــر و یـــان ڕزگار کران، ڕۆمان باس لـــە کارتێکەریی ئەم ڕووداوانە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان دەکات و دونیای ناوەوەی ئەوانمان بۆ دەخاتە ڕوو و ڕووناکی دەبەخشێتە ناو داڵانە تاریک و شـــاراوەکانی دەروونی ئەوان. جـــان بۆین و ڕۆمانی کوڕێک بـــە پیجامەی خەتخەتییەوە نموونەیەکـــی گرنگی جیاوازیی گێڕانەوەی ڕۆمانیانە و مێژووییانەیە. هۆلۆکاست وەک دەزانین پرســـێکی گرنگی مێژووی مرۆڤە. چلۆنایەتیی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە مێژووییە چەندین بەرەی فکری لە ئاستی مێژوویی و سیاسی و تەنانەت هزری و ئایدۆلۆژییەوە لێک جیا دەکاتەوە. هەر هەڵوێستێک لەمەڕ ئەم ڕووداوە لە گێڕانەوەی مێژوویی‌دا (historiography) دەبـــێ بـــە تێبینیـــی وردی بەڵگەییەوە ئاراســـتە بکرێت. لەســـەر پێوەندیی بەڵگە و فاکت و گێڕانەوە دەکـــرێ مرۆڤ زۆر بدوێت و گێڕانـــەوە مێژووییەکان پڕن لە وردەکاریی گێڕانەوەی بەبەڵگەیی، بەڵام بە ئاراســـتەی جیاواز و تەنانـــەت دژبەری یەکتردا. بەڵام جان بۆین دێ لە قالبێکی خەیاڵیی تەواودا و لە کەســـایەتیی دوو منداڵی هەشت ساڵانە، برونۆ و شـــمول‌دا، دیمەنێکی تەواو مرۆڤیانە بە گێڕانەوەکانی هۆلۆکاست دەبەخشـــێت و وەک دواجار ڕۆمانەکە نیشانمان دەدا ئێمە شـــاهیدی هاواری باوکێکی دڵڕەقی نازیســـتین کە ناتوانێ پێش بە مردنـــی کوڕەکەی خۆی لەناو کۆمەڵێک دیلی جـــوودا بگرێت و کردەوە ڕەگەزپەرەســـتانەکەی خۆی دواجار داوێنی جگەرگۆشـــەکەی خۆشـــی دەگرێتەوە. لێرەدا ڕەنگە باسی ڕاستنوێنی (verisimilitude) بێتە ئاراوە و مرۆڤ بپرسێت ئایا ڕووداوێکی لەو چەشنە ڕووی داوە یان نا؟ ئەمە لە ڕوانگەی گێڕانەوەناسی‌دا زۆر گرنگ نییە و نرخێکی ئەوتۆی بۆ دانادرێت. لێرەدا لایەنی جوانی‌ناسانە و وەک ئۆرهان پاموک لە کتێبی ڕۆمان‌نووسیی سادە و سێنتیمێنتال‌دا دەڵێت گەمەی کێ کێیە و کێ، کێ نییە، گرنگە. هەر کایەی زەینی خوێنەرەوە و هاتوچـــۆی ئەوەی کە ئەوە ڕاســـتە و ڕووی داوە یان نا و پێوەندیی ڕووداوەکان لەگەڵ ژیانی نووسەر، بەشێکی گرنگی جوانی‌ناسیی ئەدەبی‌یە. ئەوەی کە کەمالی موزەی بێ‌گوناهی خودی ئورهان پامۆکە یان نا، دەبێتە هۆکاری گەمەیەکی خۆشی پێوەندیی نێوان واقیع و خەیال لە زەینی خوێنەردا و چێژێکی تایبەتیی پێ دەبەخشێت. لە لایەکی ترەوە وەکوو چۆن ئۆرهان پامۆک ئاماژەی پێ دەکات بۆ خودی نووسەریش شتێکی ئاوا تژی‌یە لە هەستی جوانی ون‌بوون لە دونیای خەیاڵ و واقیعی خۆی‌دا. لە ڕاستییش‌دا کەمال کۆپی‌کراوی ئورهان نییە، بەس کەس ناتوانێ حاشا لە وێکچوویگەلێکی زۆر بکات کە ئاگایانە یاخود ناخودئاگایانە لە نێوان کەسایەتیی کەمال وەک کاراکتەر و کەســـایەتیی پامۆک وەک نووســـەردا هەن. لە ڕۆمانەکەی جان بۆین‌یش‌دا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە گێڕەوەی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان و دونیای پاقژی برونۆ و شـــلوم لە دەرەوەی بەڵگە و مێژوونووســـیی ئایدۆلۆژیک‌دا بەسەرهاتی دونیای دەروونیی کۆمەڵێک مرۆڤمان بۆ دەگێڕنەوە و جان بۆین جگە لە شارەزایی و زانینی ڕووداوەکانی هۆلۆکاست، بە سیحری گێڕانەوە ڕووحی سەردەمێکی ڕووح‌کوژی مێژوومان بە فانتێزیای بەهێزی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و وەک دەزانین ئەو گەڵاڵەی (draft) ئەم ڕۆمانە لە کەم‌تر لە سێ شەو و ڕۆژدا تەواو دەکات و ئەمەش لە چاو

لێکۆڵینەوەی درێژخایەنی مێژوونووسی‌دا، کاتێکی زۆر کەمە. نموونەی ئاوا لە مێژووی ئەدەبیات‌دا زۆرن و هێندێک لە ڕۆمانە مێژووییەکانی جیهانی لەم بارەوە میراتێکی گەورەیان بۆ باسی تیۆریی زانســـتە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان بەجێ هێشتووە. ئەگەر شـــەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی بێنینەوە بیر خۆمان لەوێ‌دا دەبینین کە شێوازی باس‌کردن و پێناسەکردنی ناپلیۆن بە چ جوانکارییەکی ئەدەبیانەوە بەڕێوە دەچێت. ئەگەر مێژوونووس پێمان بڵێت لە هێرشی ناپلیۆن بۆ مسکۆ چەند کەس کوژراون، و ئەگەر کۆمەڵناس و سیاســـەتزانێکی ورد پێمان بڵێت ئەم هێرشـــە چەندە پەرەی بە گەشـــە و بڵاوبوونەوەی شـــەپۆلی ناســـیۆنالیزم لە ئورووپا و دواتر لە جیهان دا، تۆلستۆی پێمان دەڵێت لە کاتی گەیشتنی ناپلیۆن بۆ دەروازەکانی مسکۆ، چی لە زەین‌دا دەگوزەرا. شەڕی واترلۆ لە ڕوانگەی مێژوونووسییەوە جیاوازە لە چوونە ناو دونیای زەینی و هەســـتیانەی ناپلیۆنی شکست‌خواردووەوە. لە سێ گاف و سێدارەیەکی جان دۆست‌دا دوا ساتەکانی ژیانی شێخ سەعیدی پیران وەها باس دەکرێت کە مێژوونووس بە نۆرمگەلی مێژوونووسی هەرگیز ناتوانێ خۆی لە قەرە بدات. لە تەواوی ئەو ڕێگایەی کە شـــێخ و هەواڵانی بەرەو ســـێدارەکان دەچن وردە خیزێکی ناو پێڵاوی شێخ بە بەردەوامی ئازاری دەدات و شـــێخ لەگەڵ خۆی مشت‌ومڕێتی کە چۆن ئەم گرفتە چارەســـەر بکات. شێخی بەڕۆژوو، تینووە و بیر لە چلۆنایەتیـــی بەربانگ‌کردنەوە دەکاتەوە و خەیاڵێکی بەردەوامی زەینە پەرێشـــان و ئاڵۆزەکەی جێگۆرکێی کابەی دیاربەکر و مەککەیە. شـــەپۆلی زەینی شێخ بە فلاشبەکێکی سرنجڕاکێش دەچێتەوە ڕۆژانی فەقێیەتی و ئەڤینداری لەگەڵ پەریخان. کاتێک شێخ وەســـفی پەریخان دەکات و بە باڵای ئەودا هەڵدەڵێت و بـــە ڕووباری هەنگوینێکی دەچوێنێت کە تەنانەت ئافرێنەرکەشـــی نازانێت لە کام چرکەی مەســـتی‌دا ئافراندوویەتی، ئێمە نەک لەگەڵ مێژوو بە مانای باوی وشـــە و دیســـیپلینی مێژوونووســـی، بەڵکوو لەگەڵ فانتێزیایەیکی ڕووتی ڕۆمانتیـــک ڕووبەڕووین. ئەمانـــە هەموویان بەرهەمی زەینی نووســـەرن کە جگە لە فانتێزیـــا هیچی تر نین. بەڵام ڕۆمان‌نووسی توانا بەم کارەی کەسایەتیی مرۆڤانەی کاراکتەرە مێژووییەکانمان نیشان دەدات و ڕۆحی سەردەمێکمان بۆ وێنا دەکات و گرنگیی ئەم کارەش بۆ تێگەیشتنی «ڕابردوو» ئەگەر لە بەرهەمی مێژوونووســـی، زیاتر نەبێت، کەم‌تر نییە. ئەگەر مێژوونووس دەبێ خۆی بە چەکی بینین و ســـەلماندن تەیار بکات، ئەوە ڕۆمان‌نووس دواجار وەک هونەرمەندێکی نیگارکێش بە ڕیزکردنی پەیڤەکانی، تابلۆی دیـــوی ناوەوەی مرۆڤەکانی دەکێشێتەوە و بەم کارەشـــی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئەوان دەخاتە ناو تابلۆیەکی زەینیی بە وردەڕیشاڵەوە.

مێـــژوو لە ڕواڵـــەت‌دا و بە شـــێوەیەک دەتوانین بڵێین لە ڕاســـتییش‌دا بریتی‌یە لە گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە ڕوویان داوە و بـــەم پێیەش دواجار شـــتێک نییە جگە لە گێڕانەوە و کاتێک دەنووســـرێتەوە دەبێت بە دەقێـــک کە ناتوانێ خۆی لە گەمە زمانییەکان دەربـــاز بکات و ئەم لایەنی گێڕانەوەییە دەبێتە خاڵی هاوبەشی هەموو گێڕانەوەکان بە جۆری مێژوویی و چیرۆکی یاخود داســـتانییەوە. لایەنی زەینی و خەیاڵی، بە


**فاکتۆرگەلی وەك ئایدۆلۆژیا و گوتار بڕیاری سەرەکی لەم بارەوە دەدەن. نموونەی ڕوانینی کورد و نەتەوەکانی تری دراوسێ لە ڕووداوەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ناوچەدا زۆر گرنگە. لە کاتێکدا کە گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی کەسایەتیگەلی وەك شێخ عوبەیدوللا، شیخ سەعید. سمکۆ، سەید ڕەزا، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا، قازی محەممەد و هتد. بەرجەستە دەکاتەوە، مێژوونووسیی ڕەسمیی ئەو وڵاتانە قسە لە خزمەتی ئەتاتورك، ڕەزاخان و مەلیك فەیسەل و ساتیع عوسری بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و ئافراندنی دەوڵەت — نەتەوە دەکات.**

دەرەجەی جیاواز، بەســـەر هەموو جۆرەکانی گێڕانەوەدا زاڵە و هیچ گێڕەوەیەک لە خەســـاری کارتێکەریی زەین دە ئامان‌دا نییە. مێژوونووس لە هەڵبژاردنی بابەت و شـــێوازی گێڕانەوەدا ناتوانێ «بێ‌لایەن» بێت.

ئەوە چ شـــتێکە بۆ مێژوونووس بڕیار دەدات لە نێو ڕووداوە مێژووییەکان‌دا کامیان هەڵبژێرێت و باسیان بکات؟ ئێمە دەزانین کە هەموو ڕووداوەکانی مێژوو ناکرێ بنووسرێنەوە، کەواتە دەبێ مێژوونـــووس هێندێکیان گوڵبژێر بکات. ئـــەوەی ئەم بڕیارە بۆ مێژوونووس دەدات، نەک ڕابردوو بەڵکوو ئێستایە. فاکتۆرگەلی وەک ئایدۆلۆژیا و گوتار بڕیاری ســـەرەکی لـــەم بارەوە دەدەن. نموونەی ڕوانینی کورد و نەتەوەکانی تری دراوسێ لە ڕووداوەکانی سەردەمی ســـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ناوچەدا زۆر گرنگە. لە کاتێک‌دا کە گوتاری ناسیۆنالیســـتیی کوردی کەسایەتیگەلی وەک شـــێخ عوبەیدوڵا، شیخ سەعید. سمکۆ، سەید ڕەزا، شێخ ئەحمەد، مەلا مســـتەفا، قازی محەممەد و هتد. بەرجەســـتە دەکاتەوە، مێژوونووسیی ڕەسمیی ئەو وڵاتانە قسە لە خزمەتی ئەتاتورک، ڕەزا خان و مەلیک فەیســـەل و ساتیع عوسری بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و ئافراندنی دەوڵەت—نەتەوە دەکات.

**بیروهزر گێڕانەوە چـــۆن دەتوانێ بیرەوەریی تاک وەک بیرەوەریی گشـــتی بنوێنێتەوە؟ بۆ وێنە لە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوە هەندێک جار ســـنووری ئەو دوو چەشنە بیرەوەرییە لە ناو گێڕانەوەدا ون دەبن. ئاخۆ ئەمە بە مەبەستێکی ئایدۆلۆژیکەوە دەکرێ؟**

یەک لە جۆرەکانی بیرەوەری‌نووســـین ژیاننامەنووســـییە (autobiography). کاتێک کەسێک بڕیاری نووسینەوەی ژیانـــی خۆی دەدات ئەوە ئێمە لەگەڵ گێڕانەوەیەک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە سیلەنیگای یەکەم کەسەوە دەنووسرێت. وەک پەیمانێکی نەنووســـراو لە نێوان نووســـەر و خوێنەردا ئاسۆی چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەم کەســـە باســـی خـــۆی دەکات لە سەردەمی منداڵییەوە تا کاتی نووسینی ژیاننامەکە. ئاسان نییە بۆ هەموو نووسەرێک ژیاننامەکەی بگەیەنێتە ئاستی بەرهەمێکی ئەدەبـــی. هەموو ئـــەو ژیاننامانـــەی بڵاو بوونەتـــەوە خاوەن تێکنیـــک و تایبەتمەندیگەلی بەرهەمێکی ئەدەبی بە تایبەت لە بواری جوانیناســـییەوە نین. لە ســـەردەمی ئێستادا سیاســـەتمەدارەکان دوای خانەنشین‌بوونیان ڕێژەی هەرە زۆری ئەو کەســـانە پێک‌دێنـــن کـــە ژیاننامەی



خۆیان دەنووســـنەوە. ئەمانە لە هەنگاوی یەکەم‌دا هەوڵی ئەوە دەدەن کە باس لە ســـەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیان بکەن و وەڵامی هێندێک لە چاوەڕوانییەکان لەمەڕ ڕووناکی خستنە سەر کۆمەڵێک ڕووداوی سەردەمی خۆیان بدەنەوە. هونەرمەندان و نووسەرانیش لە ڕیزی ئەو کەســـانەدان کە بیرەوەرییەکانیان بـــڵاو دەکەنەوە. خوێنەرانی ئەم جۆرە بەرهەمانە زۆر جاران بە شـــوێن نهێنییەکانی ژیانی ئەم کەسایەتیانەدان و بە حەزەوە بەرهەمەکانیـــان دەخوێننەوە. خوێندنـــەوەی بیرەوەرییەکانی گابریل گارســـیا مارکێز و ئۆرهان پاموک و محەممەدی قازی زۆر بە هاسانی دەچنە خانەی بەرهەمگەلی ئەدەبییەوە. ئەمەش لەبەر توانایی ئەدەبی و هونەریی دیاری ئەم کەســـایەتیانەیە. بەڵام بەرهەمـــی سیاســـەتمەدارەکان و پیاوانی دەســـەڵات هەمیشە شەرت نییە ئەم تایبەتمەندییە لەخۆ بگرێت. ئەگەر لە بیرەوەرییەکانی باراک ئۆباما‌دا جێ‌پێی بەرچاوی خەملاندنی ئەدەبی دەبینین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتیی تایبەتیی ئـــەو و خوێندن و خوێندنەوەی ئەم پیاوە سیاســـەتمەدارە. تۆ هەر زوو هەست دەکەی ئەو لە سەردەمی منداڵییەوە خوێنەری نووسەرانی گەورەی وەک هێمینگوای و فالکنێر بووە و ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی‌دا ڕەنگ دەداتەوە. ئایا ئەم جۆرە ژیاننامە و بیرەوەریانە دەکرێ بگشتێندرێن و وەک مێژووی سەردەمێک تەماشایان بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هـــەم ئا و هەمیش نایە. ئەگەر مێژوو بریتی‌بێت لە گێڕانەوەی ڕووداوێک، ئەوە بێ‌گومان هەر بیرەوەرییەک دواجار گێڕانەوەی ڕووداوێکە و تیشک دەخاتە سەر دەورەیەکی زەمەنیی تایبەت لە شوێنێکی تایبەت‌دا. بەڵام ئەگەر مەبەست لە مێژوونووسی بریتی‌بێت لە ڕوون‌کردنەوەی لایەنە جۆراجۆرەکانی سیاسەت و کۆمەڵگە و فەرهەنگ و هەموو ئەو بنەما و هۆکارانەی دەبنە زەمینەی ڕووداوگەلێکی تایبەت، ئـــەوە بێ‌گومان بیرەوەریی کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکان تەنیا دەتوانن بەشێک لەو داتایانە دەستەبەر بکەن کە دواجار دەخرێتە بەر نەشتەرگەریی بۆچوونی ڕاڤەکارانەی مێژوونووســـەوە. لێرەدا چۆن‌نووسین و چی‌نووسینی ژیاننامە و بیرەوەری و ئەوەی کە کێ نووسیویەتی دەتوانێ کارتێکەریی زۆر بەرچاوی لەسەر نووسینەوەی مێژووی دەورە و شوێنێکی دیاریکراودا هەبێ. بۆ نموونە یادداشتەکانی وینســـتۆن چرچیل لەبەر پێگەی سیاسی و ڕۆڵی دیاری ئەو لە ڕووداوەکانی ســـەردەمی خۆی‌دا دەتوانن کەرەســـەیەکی بەنرخ بن بۆ مێژوونووســـان. بە کورتی بیرەوەری و ژیاننامەی تاکەکان دەتوانێ یەک لە ســـەرچاوە گرنگەکانی نووسینەوەی مێژوو بێت. بەڵام خودی دەقی بیرەوەری دەبێ لەبەر ڕوشنایی تیۆریگەلی دەقناســـانە و کۆدەقناسانەدا هەڵسەنگێندرێت و تایبەتمەندییەکانی دەست‌نیشان بکرێت.

بەپێی ئەمە کـــە ژیاننامە و بیـــرەوەری بۆخۆیان جۆرگەلی بەرچاوی گێڕانەوەن، ئەوە هێزی گێڕانەوەیی و بایەخی گوتاری و دەقیانـــەی بیرەوەرییەکانە کە جێگە و پێگەی تایبەتیان لە گێڕانەوەی گشتێندراودا پێ دەدا. ئێمە ئەگەر بڕوانینە کتێبە سێ بەرگییەکەی مێژووی شۆڕشی ڕووسیای لیۆن ترۆتسکی، هەر زوو تێدەگەین کە لەگەڵ دەقێکی زۆر جیددی‌دا ڕووبەڕووین. بێ‌گومان ڕۆڵی تایبەتیی ترۆتسکی وەک کەسایەتییەکی سیاسی

و زانا و تیۆریســـیەن لە بەناوبانگ‌کردنی ئـــەم بەرهەمەدا زۆر دیار و ئاشـــکرایە و ئاستی جوانی‌ناسی و دەقیانەکەشی بووەتە هۆکاری کاریگەرییەکی زیاتری گێڕانەوە مێژووییەکە. لە گوتاری ناسیۆنالیستی‌دا زۆر ڕێبەری ناسیۆنالیست دەبن بە سەرچاوەی ڕەوایی‌بەخشین بە گێڕانەوەگەلێکی تایبەت لە سەردەمانێکی تایبەت‌دا. بەڵام لە بیرمان بێت ئەم بۆچوونانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و ڕەوایی ســـەرچاوەکان هەمیشـــەیی نین. ڕۆڵی جەمال عەبدولناسر لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌دا و کارتێکەریی هەڵوێست و بۆچوونەکانی لە ماوەی کەم‌تر لە نیو سەدەدا بە هاتنی گوتارگەلی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی تەواو کاڵ بووەوە. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە بوارێکی لێکۆڵینەوە و گرنگی مێژوونووسی بریتی‌یە لە نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییە گرنگەکانی مێژوو. بۆ نموونە کەسایەتییگەلی وەک هیتلێر و ستالین بە بەردەوامی دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوەی بەبڵاو و کەسانێک ساڵانێکی درێژی ژیانیان تەرخانی نووسینەوەی بەسەرهاتی ئەم کەسانە دەکەن و زۆر لایەنی شاراوەی کەسایەتیانە و سەردەمیانەی ئەوان دەخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. کارەکانی دوکتۆر عەباسی میلانی لەسەر شـــای ئێران و هووەیدا دەکەونە خانەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە کە بایەخی زۆری مێژووییان هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەورەیک لـــە مێژووی وڵاتی ئێـــران. لێرەدا حەز دەکـــەم ئاماژە بە کەم وکورتییەکی بەرچاوی مێژوونووســـیی کـــوردی بکەم کە لەم بوارەدا تەنانەت لە نووسینەوە و لێکۆڵینەوەی ژیان و بەسەرهاتی پێشەنگەکانیشی‌دا هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵ نەهێناوەتەوە. چەند کارێکی تاکەکەسیی کەسانێکی وەک محەممەد ڕەسووڵ هـــاوار هەرگیز ناتوانـــن وەڵامدەرەوەی پێداویســـتییە گرنگ و بەرچاوەکەی مێژوونووســـیی کوردی بن لە بواری ناسین و ناساندنی کەســـایەتییە کلیلییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد.

**زۆر جار نەتەوەخوازی لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، وەک گێڕانەوەیەک دەنرخێندرێ؛ گێڕانەوەی نەتەوەخوازانە خاوەن چ تایبەتمەندییەکە؟**

لە ڕوانگەیەکی پاش‌پێکهاتەخوازانەدا دەکرێ هەموو دەقێک وەک دەقێکی گێڕانەوەیی سەیر بکردرێت. ئەوە بە تایبەت لەسەر گوتاری ناسیۆنالیستی‌دا بۆچوونێکی دروستە. ئاخر ناسیۆنالیزم دواجـــار بریتی‌یە لە گێڕانـــەوەی تایبەتمەندییە فەرهەنگی و مێژووییە بێ‌وێنەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو. ناسیۆنالیستەکان باس لە تاقانەبوونی نەتەوەی خۆیان لە مێژوودا دەکەن و هەرچی گەورەییە بە نەتەوەی خۆیانی دەبەخشن. گوتاری لەم چەشنە زیاتر ڕێتۆریکێکی ئایدۆلۆژیکە و پڕە لە ئوستوورە و ئەفسانە. بڕوانە ناسیۆنالیزمی تورک، بۆ نموونە، و ببینە گێڕانەوەی ناسیۆنالیستە تورکـــەکان چۆن مێژووی خۆیان بەرەو دواوە و بۆ ناو قووڵایی مێژوو دەکشـــێننەوە و خزمایەتیی تورک و گورگ دەکەن بە هەوێنی ئوستوورەی ئەرگەنەکۆن و گەورەیی خۆیان بە چاوی ئەوانی تریان‌دا دەدەنەوە. لە گوتارێکی بەم چەشـــنەدا خۆیایە کە هەموو هەڵس‌وکەوتەکانی باوکی نەتەوە دەبن بە مێژووی هەموو نەتەوە و تەنانەت شێوازی پۆشین و ئاخافتنیشی دەبن بە ئولگووی لاسایی‌کردنەوەی نەتەوەپەرستیی تورکی. گوتاری ناســـیۆنالیزمی عەرەبییش هەر ئاوایە. کاتێک مرۆڤ بۆ نموونە بۆچوونەکانی ســـاتیع عوسری دەخوێنێتەوە و پێداگرییەکانی ئەو لەســـەر بێ‌ڕەکابەریی زمانی عەرەبی دەبینێت، هەســـت دەکات چۆن ناســـیۆنالیزم دەتوانێت تێکدەری ســـنوورەکانی بەیەکەوەژیانی مرۆڤەکان بێت. ناسیۆنالیزمی ئێرانییش لەو یاسا و ڕێسایانە بێ‌بەری نییە و ئوستووره و ئەفسانەکانی لە خزمەت سەلماندنی گەورەیی خۆی‌دایە. ئەمانە دەتوانن ئەزموون و وانەی گرنگ بن بۆ ناســـیۆنالیزمی کوردی وەک بزووتنەوەیەک کە هێشتا نەیتوانیوە گوتاری هەمەلایەنەی خۆی گەڵاڵە بکات.

گێڕانەوەی نەتەوەخوازانە لە گوتاری گشتیی خۆی‌دا دەتوانێ شـــێواز و ناوەڕۆکی جیاوازی هەبێت. ئەگەر لە نێو پێناســـە زۆر و بەربڵاوەکانی ئەم چەمکـــەدا، نەتەوەخوازی بە خولیای کۆمەڵە خەڵکێک بۆ سەروەریی جەماوەری مانا کەینەوە، ئەوە هەر هەوڵێک بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە دەچێتە چوارچێوەی گێڕانەوەی نەتەوەخوازانەوە. یەک لە پرســـە ســـەرەکییەکانی پرۆژە و ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازی پرسی ناسنامەیە (identity). لە بەستێنی گێڕانەوەی داستانی/خەیاڵی/ڕۆمانی‌دا گێڕانەوەی نەتەوەخوازانە پێشـــینەیەکی دوور و درێـــژی هەیە. یەک لە جۆرەکانی ڕۆمان کە لەم پێوەندییەدا زۆر ناوبانگی دەرکردووە، ڕۆمانی مێژوویی‌یە. لەم جۆرە ڕۆمانەدا گێڕانەوەکان پێشـــینەی مێژوویی دوور و درێژ و پاڵەوانگەلی نەتەوەیی بۆ نەتەوە دەئافرێنن و بەسەرهاتەکانیان دەگێڕنەوە. ڕۆڵی ئیڤانهۆ و وەیڤرلییەکانی والتر سکات لە خەملاندنی پرۆژەی نەتەوەخوازیی ئینگلیسی و ســـکاتلەندی‌دا زۆر بەرز دەنرخێندرێـــت. ڕۆڵی ڕۆمانگەلی مێژوویی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەخوازیی ئێرانی‌دا حاشاهەڵنەگرە. ڕۆڵی ڕۆمانەکانی جۆرجی زێدانی مەسیحی لە گەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌دا زۆر تایبەتە. تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی تورک و پرسی ڕۆمانی مێژوویی تورکی زۆر سرنجڕاکێشـــە و دەتوانێ باسێکی گرنگ بێت بۆ توێژەرانی بواری ســـازکردنی ناســـنامەی نەتەوەیی لە گوتاری ئەدەبی‌دا.

هەڵبـــەت لەبیرمـــان نەچێت لەبـــەر کارتێکەریی گوتاری گێڕانەوەی ڕۆمانیانە لەسەر سازکردنی ناسنامە نوێیەکان، ئەوە هەر ڕۆمانی مێژوویی نییە کە دەوری ناسنامەسازی دەگێڕێت، بەڵکوو ڕۆمان بە گشتی هەڵگری ئەو تایبەتمەندییەیە. کاتێک نانسی ئارمسترانگ باس لە ڕۆڵی گێڕانەوەکانی جەین ئاستین لە خەملاندنی ناســـنامەی ئینگلیســـی دەکات، ئێمە لەگەڵ ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووین نەک ڕۆمانی مێژوویی. بەڵام کە کاراکتێرەکانی ئاستین لە هیند دەگەڕێنەوە و باسی «ئێمە» و «ئەوان» دەکەن، خوێنەر دەکەوێتە فەزای دەستنیشان‌کردن و پێناسەی تایبەتمەندییەکانی «خود» لە بەرامبەر «ئەوی تر» دا.

لە بۆچوونی بێنێدیکت ئاندێرســـۆن‌دا مرۆڤ دەتوانێ ڕۆڵی ڕۆمان هەم وەک پێش‌زەمینەیەک بۆ ڕەخساندنی وێناکردنی نەتـــەوە لە زەینی ئەندامەکانی نەتەوەدا ببینێت و هەمیش لە هێندێک گێڕانەوەدا ڕەنگدانەوەی ویســـت و خەون و خەباتی نەتـــەوە یاخود کۆمەڵە خەڵکێک بـــۆ بوون بە نەتەوە ببینێت. ئەگەر ڕۆمانێک بتوانێت لە گێڕانەوەکەی‌دا ڕۆحی ســـەردەمی خۆی وێنا بکات دەتوانێ زۆر سەرکەوتوو بێت لەوەی ڕابردوومان

**گێڕانەوەی نەتەوەخوازانە لە گوتاری گشتیی خۆیدا دەتوانێ شێواز و ناوەڕۆکی جیاوازی هەبێت. ئەگەر لەنێو پێناسە زۆر و بەربڵاوەکانی ئەم چەمکەدا، نەتەوەخوازی بە خولیای کۆمەڵە خەڵکێك بۆ سەروەریی جەماوەری مانا کەینەوە، ئەوە هەر هەوڵێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەچێتە چوارچێوەی گێڕانەوەی نەتەوەخوازانەوە. یەك لە پرسە سەرەکییەکانی پرۆژە و ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازی پرسی ناسنامەیە**

**ئەگەر قۆناغی ناسیۆنالیستییش یەك لە قۆناغەكانی گۆڕانكاریی ناسنامەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابووریی وڵاتێكی دیاریكراو بێت، ئەوە ڕۆمان دەبێتە گوتاری ئەدەبییانەی وێناكردنی ئەم قۆناغە.**

پێ بناسێنێت. لە گێڕانەوەیەکی سەرکەوتووانەی ڕۆمانیانەدا زەمینە و هەلومەرج، گوتاری باڵادەست، شێوەی ئاخافتن، ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی، باوەڕەکان و تێڕوانینی دانیشتووانی سەردەمێکی دیاریکراوی شوێنێکی دیاریکراو دەردەکەوێت. ئەگەر قۆناغی ناسیۆنالیستییش یەک لە قۆناغەکانی گۆڕانکاریی ناسنامەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابووریی وڵاتێکی دیاریکراو بێت، ئەوە ڕۆمان دەبێتە گوتاری ئەدەبیانەی وێناکردنی ئەم قۆناغە.

**یەکەم بەرهەمی ئێوە، ڕۆمان و نەتەوە، تا ڕادەیەک ئەم پرسیارانەی سەرەوەی لە خۆیدا حەشار دابوو یان دەکرێ لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانە خوێندنەوەی نوێ بۆ ڕۆمانە ئاماژەپێکراوەکانی ناو کتێبەکەتان بکرێ؛ بەم پێیە، پێتان وایە نەتەوە، دروستکردنی نەتەوە تا چ ڕادەیەک دەرکەوتەی گێڕانەوەیەکی ئایدۆلۆژیانە لە سەر بنەمای زمانە؟**

لەسەر پێوەندیی ڕۆمان و نەتەوە دەکرێ مرۆڤ زۆر بدوێت. ئەو ڕاستییە کە سەرهەڵدانی نەتەوە و ڕۆمان کەم تا زۆر هاوسەردەمن زۆر لایەنی پێوەندیداری ئەم دوو دیاردەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بە باوەڕی من ئەگەر نەتەوە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی مۆدێرنیتە بێت، ئەوە ڕۆمان دەرهاویشتەی ئەدەبیانەی ئەم چەمکە واتا مۆدێرنیتەیە. هەر دووک دیاردەی نەتەوە و ڕۆمان پێوەندییەکی حاشاهەڵنەگریان لەگەڵ تاکبڕوایی و خەیاڵدا هەیە. ئەگەر نەتەوە ئەو پێکهاتەیە بێت کە تێیدا کۆمەڵە خەڵکانێک لەسەر بنەمای ئیرادەیەکی هاوبەش خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی ڕێکخستووە و بێ ئەوەی لە نزیکەوە یەکتر بناسن هەڵگری هەستی قووڵی هاوبەشن و خۆیان گرێدراوی یەک چارەنووس دەزانن، ئەوە ڕۆمان لە دوایین خوێندنەوەدا گێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوە کە هەرچەند هەموویان ڕاستەوخۆ یەکتر ناناسن بەڵام لە ژێر چەتری زەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا دەژین. ئەم کۆمەڵگە خەیاڵییە ڕۆمانی و نەتەوەییە بە شێوەیەکی دوو لایەنە یارمەتیدەری تێگەیشتنن لە یەکتر. لە هەمان کاتدا لە هێندێک ڕۆماندا لایەنە مێژوویی و کەسایەتییەکانی ناسنامەسازی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەبنە چەقی گێڕانەوەکە و زەینییەتێکی دیاریکراو بە خوێنەر دەبەخشن. کاتێکی نانسی ئارمسترانگ ڕۆمانەکانی جەین ئاستین بە ناسنامەسازی ئینگلیسی دادەنێت، لە ڕاستیدا جەخت لەسەر ئەو فەزایانە دەکاتەوە کە لەو ڕۆمانانەدا «خود» و «ئەوی تر» وێنا دەکەن و بەم کارەش یەک لە بنەماکانی سازکردنی ناسنامەیەک دەستەبەر دەکەن. ڕۆڵی ڕۆمانگەلی مێژوویی فارسی، عەرەبی و تورکی لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگۆشدانی ناسیۆنالیزمی ئەم نەتەوانەدا حاشاهەڵنەگرە.

ئەو ڕۆمانانەی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆمدا ئاماژەم پێ کردوون بێگومان خوێندنەوەی جۆراجۆر هەڵدەگرن و ئەمەش بەردی بناخەی تیۆریی ئەدەبییە لەسەر دەق. یەک لە لایەنە بەرچاوەکانی ڕەخنەی نوێ بریتییە لە گرنگیدان بە هەڵوێستی خوێنەر و تەنانەت باوەڕهێنان بە چەشنێک لە کۆمەڵگەی ڕاڤەیی (interpretive communitive) بەو جۆرەی ستانلی فیش باسی دەکات و تێیدا خەڵکانێکی زۆر خوێندنەوەی هاوبەشیان لە دەقێکی دیاریکراو هەیە. ئەم کۆمەڵگە ڕاڤەییانە بێگومان گۆڕانیان بەسەردا دەێت و لە سەردەمی جیاوازدا خوێندنەوەی جیاوازیان لە دەقەکان دەبێت. بەڵام ڕۆمان وەک دیسکۆرسێکی ئەدەبی کە تێیدا لایەنی خودئاگا و ناخودئاگای گێڕانەوە تێکەل دەبن، بەستێنێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی فەزای دەروونی و کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی خەڵکانێکی دیاریکراوی سەردەمانێکی دیاریکراو.

دەتوانم زۆر بە کورتی بڵێم کە دەستەواژەی «نەتەوە و گێڕانەوە» (nation and narration) کە لە بنەڕەتدا داهێنانی هۆمی بابایە، هەڵگری پێوەندییەکی زۆر پتەوە لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا. بنەما هاوبەشە فەرهەنگییەکانی هەر نەتەوەیەک تەنیا لە ڕێگەی گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوە و بەگوێدادانەوەی پێکهێنەرانی نەتەوەوە دەبنە بنەمای لێکگرێدانی ئەو کۆمەڵگە خەیاڵی و دروستکراوەیە. ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک، بۆ وەدیهێنانی ئامانجی خۆی ناتوانێت ئەم ئامرازە گرنگە وەپشت گوێ بخات و لە هەوڵی دروستکردنی ناسنامەی پڕۆژە دەستکردەکەی خۆی واتا نەتەوەدا، دەستەودامانی گێڕانەوە نەبێت کە لە سەردەمی نەتەوەسازیدا ڕۆمان فۆرمی هەرە سەرەکی و گرنگەکەیەتی. لاوازی و بێپڕۆژەیی ناسیۆنالیزمی کوردی لە بواری گێڕانەوەشدا زۆر بە زەقی دیارە و نەبوونی زمانی بەهێزی گێڕانەوە و ئامادەنەبوونی گێڕانەوەی بەهێز هۆکارگەلی بڕیاردەرن لە لێڵیی ئاسۆی ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا.

**وەک دوایین پرسیار، ئەم پرسیارانە تا ڕادەیەک لە سەر بنەمای ڕێژەباوەڕی دامەزراون، بەڵام ڕاڤەی سیاسی زۆر جار لە سەر عەینییەت پێداگری دەکا؛ چۆن دەکرێ پەیوەندییەکی دیالێکتیکیانە لە نێوان زمان و عەینییەتی سیاسی دروست بکرێ؟ ڕێژەباوەڕی لە خوێندنەوەی گێڕانەوەییدا لە چ ئاستێکدایە؟**

پێداگریی ڕاڤەی سیاسی لەسەر بەرهەستبوون (objective) تەنیا ژێستێکی سیاسییە. ئەگەرچی ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تیۆریک و عەقڵانی لە زەینیبوونی ڕاڤەی سیاسی کەم دەکەنەوە، بەڵام دواجار هەموو ڕاڤە سیاسییەکان سیاسین و بەم پێیەش زەینین. بڕوانە ئەو هەموو پێشبینیانەی ئێمە ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا گوێمان لێ دەبێت و زۆر ناگوزەرێ بۆمان دەردەکەوێت کە دروست دەرناچن. بۆچوونی بەرهەڵستکاران و لایەنگرانی سیستمێکی دیاری سیاسی نیشان دەدات کە ئەم دوو لایەنە چەندە پێداگرن لەسەر دروستبوون و بەرهەستبوونی بۆچوونەکانیان کە تەواو دژی یەکترن. ڕێژەییبوونی ڕاڤە سیاسییەکان و هەموو ڕاڤەگەلی تریش ڕاستییەکی دانپێنراوە و ئەزموونی زانستە مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکان سەلماندوویەتی کە ڕاڤەی ڕەها، واتا ڕاڤەیەک لە دەرەوەی زەمەن و شوێنی دیاریکراودا، ناتوانێ هەبێت و هەر نەشبووە. پێداگریی لەسەر دروستیی بۆچوون و لێکدانەوەیەکی سیاسی دواجار خۆی لە سەپاندنی شێوازێکی تایبەت لە بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە و دەبێت بە نیشانەیەک بۆ

سیســتمێکی تۆتالیتەر. ئەوە بە مانای کەمکردنەوە لە گرنگی و نرخــی ڕاڤە و لێکدانەوەکان نییە. لێکدانەوە و ڕاڤە بۆخۆیان بەشێک لە هەوڵی مرۆڤن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و دیاردەکان. پشتبەســتن بە تیۆریگەلی بەرۆژی زانســتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان پانوپۆڕیی هەڵە ڕاڤەییەکان بەرتەسک دەکاتەوە. سیاسەت وەک گۆڕەپانی ململانێی چین و توێژە جیاوازەکان لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتەکان پرسێکی هەردەم ئامادە و سەرەکیی کۆمەڵگەکانە. ئاگاداری لە کارکردی زمان و زاڵبوون بەسەر جیاوازیی مانایی و مانای جیاواز لە هەلومەرجی جیاوازدا خەســاری هەڵە و تێگەیشتنی شاش کەم دەکاتەوە. بــە پێچەوانەوە، بێئاگایی لە سیســتمی زمان و بەســتێنی ماناناســیانەی زمان ئەگەری هەڵە کوشندەکان زیاتر دەکات. هەوڵدان بۆ دەکارهێنانی دروســتی زمــان و خۆماندووکردن بۆ پێناســەکردنەوەی بەردەوامی چەمکەکان و کارکردەکانیان ئەو ڕێکارانەن کە زمانیان تا ڕادەیەک پێ هەوســار دەکرێت و مەترسیی ئالۆزییەکانی تێگەیشتن و زەینیبوونی ڕاڤەکانیان پێ کەم دەکرێتەوە.

ئایا هیچ پێناســەکردن و گێڕانەوەیەک، سەرەڕای ویستی ڕەهــا بــۆ بەرهەســتبوون (objective)، دەتوانــێ خۆی لە قورســایی تووە فانتێزیایی و نابەرهەســتەکان (subjective) ڕزگار کات؟ لە وانەکانی مێتۆدۆلۆژی‌دا مامۆســتاکان بەردەوام بە خوێندکارەکانیان دەڵێن دوای دەستنیشــانکردنی تیۆری و مێتــۆد و ماتریالی لێکۆڵینــەوە، فانتێزیاکەت وەگەڕ بخە و بنووسە. لێرەدا مەبەستم مامۆستای کۆرسێکی ئەدەبی داهێنان نییە، بەڵکوو مەبەستم مامۆستای کۆرسگەلی سەر بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکانە بە گشتی.

سەردەمانێک بیر و بۆچوونی پێکهاتەخوازانە (structuralism) و بۆ نموونە پێشەنگانی مارکسیزم، کارل مارکس و فریدریک ئێنگلس، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێوان فیزیک و کۆمەڵگەدا نەدەبینی. ئێنگلس باس لە پێش‌بینیی دروستی شوێن و کاتی شۆڕشی سۆسیالیستی دەکرد و قەرار بوو بەپێی ئەم لێکدانەوە و پێش‌گۆیییانە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری‌دا شۆڕشی جیهانی و کەم و زۆر هاوکات ڕوو بدات. ئێستا ئیتر زۆر زەحمەت نییە لــە هەڵەبوونی هەمەلایەنەی ئــەم بۆچوونانە تێبگەین. ڕەنگدانەوەی گوتاری زاڵی زانستباوەڕی لە ئەدەبیاتیش‌دا زۆر بەرچاو بوو. بۆ جارێکی تر فرانکێنشــتاینی ماری شێلی وەبیر خۆمان بێنینەوە. کچێکی گەنجی نۆزدە ساڵانە گێڕانەوەیەکی گۆتیک دەنووسێت و پێشبرکێ لەگەڵ شاعیرێکی ڕۆمانتیکی ناوبەدەرەوەی وەک بایرۆن دەکات و ڕۆمانەکەی دەبێت بە یەک لە ڕۆمانە هەرە پڕ خوێنەرەکانی جیهان. دوکتۆر فرانکێنشتاین پێی وایە کە دەتوانێ مرۆڤ ســاز بــکات. ئەگەرچی ئەو لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئاکامەکەی دەبێتە ئەو تراژێدیا ترســناکانەی کە ئافرێندراوە زەبەلاح و هەیولاکە (creature) دەیانخوڵقێنێت. ئەو بە کوشتنی ئازیزانی دوکتۆر فرانکێنشتاین، واتا بــرا بچووک و هاوســەرەکەی، وەها ترسێکی لە دڵدا دروست دەکات کە ڕوو لە جەمسەری باکوور بکات. دواجار لە جەمســەری باکووردا جەنازە زەبەلاحەکەی هەیولا لە باوەشی دوکتۆر فرانکێنشــتاین‌دا دەبینین کە بەرەو ئامانجێکی نادیار دەیبات. ئەمە دەربڕینی ئەدەبیانەی گوتاری زاڵی زانستباوەڕی بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا.

ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو و شێوەی ڕەنگدانەوەیان لە ئێســتادا نموونەی گرنگن بۆ تێگەیشــتن لە زەینیبوونی بۆچوون و ڕاڤە ئاراستەکراوەکان. بۆ نموونە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێــران و ڕووداوەکانی ئەفغانســتان و بەهاری عەرەبی بێنینە بەرچاوی خۆمان و بزانیــن بۆ ئەو هەموو خوێندنەوە جیاوازە لەو ڕووداوە مێژوویییانە هەیە. هەروەها ئەوەش بێنینەوە یاد کە هیچ کەس بەر لە ڕوودانی ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییە سیاسیانە نەیدەتوانی پێش‌بینییان بکات. ئایا کەس ڕووداوەکانی باکووری ئافریقای بەو جۆرەی کە ڕوویان دا پێش‌بینی دەکرد؟ ئایا بەر لە ٢٠١١ کەس دەیزانی لە تونیس و سووریا چ ڕوو دەدات؟

کە لــە ١٩٩٦دا دیانا لە لەندەن مرد ئێستاشــی لەگەڵدا بێت کەس نەیزانی ئــەم ڕووداوە چی بوو و هۆکاری مەرگی دیانا چی بــوو. کاتێک ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکادا لە هیلاری کلینتۆنی بردەوە، بە ســەدان لێکدانەوەی جۆراجۆر پەنایان بۆ کارتێکەریی فەیسبووک و ڤلادیمیر پوتین و شتی تر دەبرد. بــەڵام زۆربەی خاوەنڕایان پێیــان وابوو کلینتۆن دەیباتەوە. مەبەستی من ئەوەیە کە دواجار خوێندنەوە و ڕاڤەی مێژوو شــتێکی زەینی‌یە و لەسەر بنەمای شێوازی تێڕوانینی مێژوونــووس یاخود گێڕەوەدا گۆڕانکاریی بەســەردا دێت. بۆ نموونە با بڕوانینە جیاوازیی بۆچوون و ڕای مێژوونووسێکی وەک ئەروەند ئابراهامیان و محەممەدی ئەمینی لەسەر موسەددیق



**ڕۆمان وەك دیسكۆرسێكی ئەدەبی كە تێیدا لایەنی خودئاگا و ناخودئاگای گێڕانەوە تێكەڵ دەبن، بەستێنێكی گرنگە بۆ تێگەیشتنی فەزای دەروونی و كۆمەڵایەتی و ناسنامەیی خەڵكانێكی دیاریكراوی سەردەمانێكی دیاریكراو.**

**ناسیونالیزم وەك ئایدۆلۆژیایەك، بۆ وەدیهێنانی ئامانجی خۆی ناتوانێت ئەم ئامرازە گرنگە وەپشت گوێ بخات و لە هەوڵی دروستکردنی ناسنامەی پرۆژە دەستکردەکەی خۆی واتا نەتەوەدا، دەستەودامانی گێڕانەوە نەبێت کە لە سەردەمی نەتەوەسازیدا ڕۆمان فۆڕمی هەرە سەرەکی و گرنگەکەیەتیبە. لاوازیی و بێپرۆژەیی ناسیۆنالیزمی کوردی لە بواری گێڕانەوەشدا زۆر بە زەقی دیارە و نەبوونی زمانی بەهێزی گێڕانەوە و ئامادەنەبوونی گێڕانەوەی بەهێز هۆکارگەلی بڕیاردەرن لە لێڵیی ئاسۆی ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا.**

و هەڵوێســـتی ئەو لەسەر پرسی ژن و خواردنەوە کهولییەکان. ئەو بۆچوونانە هێندە لێک دوورن، مرۆڤ وا دەزانێت باسی دوو کەســـی جیاواز دەکردرێت. ئەمە لە کاتێکدایە تەنیا ٧٠ ساڵ لەو مێژووە دەگوزەرێت. یان با بڕوانینە سێریالی تەلەڤیزیۆنیی سەتتار خان و شێوازی وێناکردنی سەتتار خان کە لە ڕاستیدا ئەنجامی بیروباوەڕی ئێستای دەرهێنەری سێریالەکەیە نەک بۆچوون و کەسایەتیی سەتتار خان. وەک دەبینین و هەر بەو جۆرەی هایدن وایت و زۆر کەسی تریش ئاماژەی پێ دەدەن، نووسینی مێژوویی دواجار ڕاڤەیە نەک شتێکی تر. تیۆریزانان و فەیلەسوفەکان لە سەدەی ڕابردوودا ئەم بابەتانەیان خستە ژێر نیـــگای وردی خۆیان و ڕێچکەیەکی هزرییان دامەزراند کە لە نیچەوە هەتا هایدگێر و فوکۆ و گرینبلات و ویلیامز و کەسانی تر هەوڵی کارکردی زەین و گێڕانەوەیان دا و هەر یەکەیان بە شـــێوەیەک چووە پێشوازی تێگەیشتن لە دیاردەکان و ڕاڤەی گێڕانەوەکان. بەڵام خاڵی هاوبەشـــی هەموو ئەو بیرمەندانە لە خوێندنەوەی دەق و ڕاڤەکردندا، قورسایی زەینە بەسەر عەیندا.

پێوەندیی فاکت و ڕاڤە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە و ڕاڤەی فاکت بەپێی کەس و کات و گوتار و ئایدۆلۆژیا و زۆر فاکتۆری تر گۆڕانی بەسەردا دێت. یەک لە فاکتۆرە گرنگەکانی کاریگەر لەســـر ڕاڤەی جیاواز لە لایەن خەڵکانی جیاوازەوە فاکتۆری دەسەڵاتە بە مانای فوکۆیی دەسەڵات. ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە ڕەوتی مەبەستداری مێژوو (teleological) هەبێ و پێی وابێت کە مێژوو دواجار کۆتاییەکی چاکەخوازانەی هەیە، ئەوە دەبێتە خاوەنی جیهانبینییەک کە شـــتەکان جیاوازتر دەبینێت لە کەسێک کە باوەڕی بە پلانێکی دیاریکراو لە پشت ڕووداوەکانی ژیان لەم جیهانەدا نییە.

تێگەیشتنی پرسی ناسین (cognition) و پرۆسەی ناسین و شـــێوازی بیچمگرتنـــی پێوەندیی زەین و واقیـــع دەتوانێ یارمەتیدەری ئێمـــە بێت لە ســـەردەرهێنان لە چلۆنایەتیی فۆرمگرتنی بۆچوون و ڕاڤەکانمان لە دیاردەکانی دەوروبەرمان. باوەڕی گشـــتی ئەوەیە کە ئەو شـــتانەی دەگێڕدرێنەوە دەبێ مەنتیقی (logical) بن. هەر لە سەردەمی ئەرەستووڕا هەتا ئێستا باسی مەنتیق بە چڕوپڕی بەردەوامە. ڕەنگە جۆری مەنتیقەکان گۆڕانیان بەســـەردا هاتبێت، بەڵام ویســـتی مەنتیقیبوون بە بەردەوامی لە ئارادا بووە. لە کوردەواریی خۆشـــماندا بەردەوام ئەوەمان گوێ لێ دەبێتەوە کە «شتێک بڵێ کە لەگەڵ عەقڵ بگونجێت.» پرسیار ئەوەیە، عەقڵی کێ و مەنتیقی کێ؟

وەک دەزانین گێڕانەوە لـــە دەرەوەی زماندا بوونی نییە و ئامرازی گێڕانەوە تەنانەت ئەگەر مۆسیقا و نیشانە و وێنە یاخود هەر ئامراز و کەرەســـەیەکی تری پێوەندیگرتن بێت دواجار ملکەچی باوەڕی مەنتیقی و پارادایمی و چوارچێوەیی لەسەر شێوازێکە کە ئێمە ڕابردووی پێ دەگێڕینەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە ناچارمان دەکات بۆ بەخشینی جۆرێک لە مەنتیق و گونجان و هارمۆنیـــای گێڕانەوە، فاکتەکان بکەینـــە قوربانیی ڕوانینی مەنتیقی و هارمۆنیخوازانە.

کارتێکەریی «ئێستا» لەسەر ڕوانینی ئێمە بۆ «ڕابردوو» خاڵێکی گرنگی شێوازناسـیانەیە. دەقێک کە باســـی ڕابردوو دەکات، دواجار دەقە و دەکرێ بە پێوەری لێکدانەوەی دەقیانە لەگەڵی ڕووبەڕوو بینەوە. نووسەری ڕووداوێکی ڕابردوو ناتوانێت خۆی لە زەینییەتی «ئێستا» قوتار بکات. کاتێکیش خوێنەر لە ئێستادا ئەم دەقە دەخوێنێتەوە ناتوانێ لە کارتێکەریی زەینییەتی ئێستای ڕزگاری بێت. بۆیە لە ڕاستیدا ئێمە کە لە ئێستادا باسی مێژوو دەکەین ئەوە ئێســـتا شی دەکەینەوە نەک ڕابردوو. بۆ بینینی کارتێکەریی ئێستا لەسەر خوێندنەوەی ئێمە لە ڕابردوو دەکرێ ئاماژە بە سەدان نموونە لە ئاستی جیهانیدا بکەین. کاتێک لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوودا گاڕباچۆڤ هاتە سەرکار و پرۆسەی پرۆسترۆیکای لە سۆڤیەتی پێشوو دەست پێکرد، هەموو کتێبەکانی مێژوونووســـی ڕەسمیی سۆڤیەتیان گـــۆڕی. میلان کۆندێـــرا لە کتێبی پێکەنین و فەرامۆشـــیدا باسە گرنگەکەی کڵاوە خورییەکەی کلێمێنتیس دەکات کە لەسەری گوتواڵدی دەنێت و دوای پاککردنەوەی کلێمێنتیس لە وێنەکە، ئەوە تەنیا کڵاوەکەیە کە دەمێنێتەوە. بەسەرهاتی لەم چەشنە لە سۆڤیەتی پێشوودا بە بەربڵاوی هەیە و نموونە بەناوبانگەکەی پاککردنەوەی وێنەکەی ترۆتســـکییە کە لە ئاخافتنە بەناوبانگەکەی لینیندا لە تەنیشـــت ئەو ڕاوەستابوو. ئەمانە نموونـــەی ڕووتی گێڕانەوەی ئەدەبـــی نین، بەڵکوو لە هەڵسوکەوتی دەســـەڵاتداران لەگەڵ هاوخەباتانی پێشووی خۆیاندا سەدان نموونەی لەم چەشنە هەیە.

خوێندنەوەی جیاواز ئەگەرچی وەک بارت دەڵێت لە هەنگاوی یەکەمدا لەسەر دەقگەلی نووسەرانە (writerly) ئاراستە دەکرێت و دەقگەلی ســـاکاری خوێنەرانە (readerly) لە دەرەوەی ئەم ڕاڤەگەلە جیاوازەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو دەقێک دواجار بە هۆکاری کارکردی زمانیانە و لێڵیی مانایی و جیاوازیی مەبەست و ئاخێزگەی مەعریفی و ڕەنگە بەرژەوەندیخوازانەی خوێنەرانی، هەڵگـــری خوێندنەوەی جیاوازە. بۆ نموونـــە با بڕوانینە ڕاڤە و خوێندنەوە جیاوازەکان لە یاسا بنچینەیی و لە ڕێککەوتننامە ناونەتەوەییەکان کە دەگوترێ دەقەکانیان زۆر بە هەستیارییەوە دەنووســـرێن و هەوڵ دەدرێ پێش بە خوێندنەوەی جیاواز و ڕاڤەی جیاوازیان لێ بگیرێ. سەرەڕای هەوڵدان بۆ پێشگیری لە هێشـــتنەوەی هەر جۆرە مەجالێک بۆ ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاواز، هەر لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا شەڕی لایەنە جۆراجۆرە سیاسییەکانمان لە ئێران بینیوە کە خوێندنەوەی دژبەیەکتریان لـــە میراتی شۆڕشـــی ئێـــران و ڕێبەرایەتییەکەی و یاســـای بنچینەیـــی هەبووە. ئەم دیاردەیە لـــە عێراقیشدا هەر وایە و خوێندنەوەی کوردەکان و عەرەبەکان لە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق ئەوەندە جیاوازە کە بۆ چارســـەرکردنیان پەنا بۆ شەڕ و لەشکرکێشی بردراوە.

ڕەنگە هەوڵی کەسێکی وەک ژوولیا کریستێڤا بۆ دۆزینەوەی پێوەندیی نێـــوان دەقەکان یارمەتیدەرێکـــی باش بووبێت بۆ باوەڕهێنـــان بە کارلێکی گوتارگەلی جیاواز لەســـەر یەکتر و ئامادەبوونی جۆرێک لە نێواندەقێتی (intertextuality) لە ئاستی دەقی و گوتاریدا. پێوەندیی دەقەکان لە ڕوانگەیەکی هاوکاتییەوە (synchronic) و هەروەها لە ڕوانگەیەکی زەمەنتێپەڕدا (-dia chronic) زۆر گرنگە و ئێستای ئێمە کارتێکەرییەکی بڕیاردەری لەســـەر خوێندنەوەی ئێمە لە دەقی ڕابردوو هەیە و هەر بەم چەشـــنەش ڕابردووی ئێمە کارتێکەریی هەیە لەسەر شێوازی

خوێندنەوەی ئێستامان. ئەم دیالێکتیکە ئاڵۆزە جێگای سرنجە و و ئێمە لە خوێندنەوەی تاکڕەهەندیانەی دوگماتیستی ڕزگار دەکات و فێرمان دەکات ڕاســتییەکان بۆ هەموو کەس یەک شت نین و لە هەموو زەمەنەکانیش‌دا دیسانەوە یەک شت نین. هێندێک دەق لەبەر زۆر هۆکار دەچنە ناو پەراوێزی مێژووەوە و دواجار سپیڤاک گوتەنی ئەم پرسە دێتە ئاراوە کە ئایا بنهۆش (subaltern) دەتوانێ قسە بکات؟

ڕێژەیی‌باوەڕی لە خوێندنــەوە و ڕاڤەی گێڕانەوەی ئەدەبی لە چەند دەیەی ڕابردوودا زۆر پەرەی ئەســتاندووە. قوتابخانە تیۆرییەکانی ڕاڤەکــردن (interpretation) زۆر پەرەیان گرت و دواجــار کاری لێکۆڵەرەوانی بواری زانســتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان شــتێک نەبــوو جگە لە ڕاڤەکــردن. لە بیرمان بێت کــە جۆرێک لە زێدەڕۆیی لە باوەڕ بە زانســت کە هەتا ناوەڕاســتەکانی سەدەی بیستەم گوتاری زاڵی لێکۆڵینەوەکان بــوو، لە ڕەوتی دژەســازکەرانەی خــۆی‌دا بڕەوێکی زۆری بە ڕێژەیی‌باوەڕی (relativism)دا. پێوەندیی بوونی کۆمەڵایەتی و ئاگایی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی مارکسیســتییەوە و ئەو باوەڕە کە ئەوە بوونی کۆمەڵایەتی‌یە کە ئاگایی و نەستی کۆمەڵایەتیی ئێمە پێک-دێنێ، نەک بە پێچەوانەوە، بۆ ســەردەمانێکی زۆر بەســەر بەشــێک لە بیری مرۆڤایەتی‌دا زاڵ بوو و ئێستایش شێوەگەلێکی کەم تا زۆر دەستکاری‌کراوی ئەم باوەڕە لە تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی‌دا ئامادەیی هەیە. شــێوەی بەرهەم‌هێنان (mode of production) وەک ژێرخــان (base structure) و بەرهەمی کولتووری و ئەدەبییش وەک ســەرخان (super-structure). لێرەدا سنوورەکانی فەلسەفە و تیۆریی ئەدەبی کاڵ دەبنەوە و نووسین دواجار لەسەر بنەمای بۆچوون و تێگەیشتنە فەلسەفییەکان دەبێتە تەوەری باسی دیسیپلینە جیاوازەکان. ئایدۆلۆژی لە گوتاری کۆمەڵێک لە مارکسیســتەکان‌دا بوو بە هۆکاری ســەرەکیی بەندکردنی مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی داڕێژراو و دیاری‌کراودا. بۆ نموونە کەسێکی وەک لویی ئاڵتوسێر هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئایدۆلۆژیا لە بینینی واقیع بێ‌بەش و ناتوانامان دەکات و ئێمە بە شێوەیەک شتەکان دەبینین کە ئایدۆلۆژیا بۆمان دیاری دەکات. بە گوێرەی ئەم باوەڕە دامودەزگا ئایدۆلۆژییەکانــی دەوڵەت دەبن بە کارخانــەی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیا و کاراکردنی لەسەر کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی.

خوێندنەوە و بۆچوونی مارکسیستی لە ڕەوتی گۆڕانی خۆی‌دا لە بۆچوونەکانی کەسانی وەک لوکاچ، گرامشی و جەیمسۆن‌دا باوەڕ بە جۆرێک لە سەربەخۆیی ئەدەب و هونەری لە پێوەندیی ڕاســتەوخۆ بە شێوەی بەرهەم‌هێنانەوە بەرجەستە کردەوە. لە چەنــد دەیەی ڕابردوودا جۆرێک لــە بۆچوونی ڕێژەیی‌خوازانە بەسەر لێکدانەوەی گێڕانەوەکان‌دا زاڵ بووە و ڕا و بۆچوونەکان لەســەر هەڵســەنگاندن و لێکدانەوەی دەقگەلی گێڕانەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانیان بەســەردا هاتــووە، بە جۆرێک کە جیاوازیی ژانرە ئەدەبییەکان و ئەوەی پێی دەگوترێ مێژوو زۆر کەم بووەتەوە. کەسانێک هاتن و گوتیان دەقگەلی گێڕانەوەیی هەموویان وەک یەکن و بۆ مەبەســتی ناســینی «ڕابردوو» کە شــتێک نییە لە دەرەوەی کارتێکەریی «ئێستا» لەسەر زەین و ناســینی گێڕەوە، هەموو دەقە گێڕانەوەییەکان بە مێژوویی و ئەدەبییەوە هەڵگری کارکردییەکی هاوچەشــنن. بەو جۆرە بۆ کەسانێکی وەک جاناتان کولێر کە بەستێنی کارەکەی بە پلەی یەکەم تیۆریی ئەدەبی‌یە، دەقی ڕۆمانیانە هەر هەمان گرنگایەتیی هەیە کە دەقگەلی مێژوویی هەیانە و هیچ دیوارێک لە نێوانیان‌دا نەکێشــراوە. لە بۆچوونی مێژووخوازیی نوێی گرینبلات‌یش‌دا ئــەم باوەڕە بەدی دەکرێ و خوێندنەوەی چڕی گێڕانەوەگەلی خەیاڵی، یارمەتیدەری کارای ئێمەن لە تێگەیشتن لە ڕابردوو. ئەم تێگەیشتنە لە ماتریالیزمی کولتووریی ڕیمۆند ویلیامزیش‌دا بەدی دەکرێت و دەبێتە سەرچاوەی لێکدانەوە و ڕاڤەی بەپێز.

لە هەر دەورەیەکی مێژوویی‌دا پێوەندیی گوتارگەلی جیاواز، مرۆڤ دەکات بە خاوەنی جۆرێکی دیاری‌کراو لە تێگەیشــتن. گوتــار وەک پێکهاتەیەکی زمانی هەڵگــری هەموو تۆوەکانی کولتووری ســەردەمێکی مێژوویی‌یە. لێکۆڵینەوەی میشــێل فوکۆ لەســەر لایەنی ســازکراوەیی دیاردەگەلێکی باوی وەک شێتایەتی، سێکســوالیتی و ژیار و تێڕوانینی جیاوازی مرۆڤ بۆ ئــەم دیاردانە لــە دەورەگەلی جیــاوازی مێژوویی‌دا، لەم باوەڕەوە ســەرچاوە دەگرێت. لێرەدا هــەوڵ‌دان بۆ زاڵ‌کردنی بۆچوونێکی دیاری‌کراوی سیاســی و کۆمەڵایەتی، شــێوازی هەوڵ‌دان بۆ زاڵ‌کردنی کولتوورێکی تایبەتی سەر بە چینێکی تایبەتــی کۆمەڵگــە دێنێتە ئــاراوە و گرامشــی گوتەنی ئەو لایەنەی بتوانێت سەردەســتی و هێژمۆنیی کولتووریی خۆی لە کۆمەڵگەدا مسۆگەر بکات دواجار بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیشی دەکەوێتە دەست. فوکۆ بە ئاراستەکردنی چەمکی «دەسەڵات» وەک هێزێکی هەردەم ئامادە لە ئاســتەکانی ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵایەتــی‌دا پێی وابوو کــە دواجار کێبەرکێی هێزگەلی ناو کۆمەڵگە لە زاڵ‌کــردن یاخود بە نۆرم‌کردنی بۆچوونێک‌دا خۆی دەردەخات کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە بە پێوەری ئەو نۆرمانە هەڵس‌وکەوت دەکەن. هەڵبەت بەربەرەکانێی ئەو هێزانە و بێنەوبەرەی دەســەڵاتی فوکۆیی بە بەردەوامی لە ئارادایە و ڕاوەستانی نییە و هەر بۆیە پێوەندی و هاوکێشیی دەسەڵاتەکان خۆی لە جێگۆڕکێی نۆرمەکان و فەرهەنگەکان‌دا دەدۆزێتەوە. مەسەلەی ڕاڤەی مێژووش پێوەندیی بەو دەسەڵاتەوە هەیە. بۆیە ئەوەی هزری ڕەخنەیی بۆ نموونە لە ئاستی ئەدەب‌دا ئاراستەی دەکات و قسە لەسەر ڕاڤەگەلی جیاواز دەکات دەکرێ لەسەر هەموو دەقێک دەکار بهێندرێت.

گۆڕانکارییەکانــی چەند دەیەی ڕابــردوو دواجار خۆیان لە هاتنەکایەی کۆمەڵێک تیۆریی گرنگ لەسەر تایبەتمەندییەکانی هزری ڕەخنەیی و چلۆنایەتیی کارکردیان بینییەوە کە بە تێکڕا ئاماژە بە نەبوونی مانایەکی فیکس و هەمیشەیی دەق دەکەن. تیۆریسیەنگەلی زۆری بواری دەق و مانا، هەر یەکەو بە چەمکێکی تایبەت بە خۆی، پێ لەســەر جیاوازیی ماناکان و ئەستەمیی مانایەکی هەمیشەیی دادەگرن. «ڕۆحی دەق»ی ئیسێر، «ئاسۆی چاوەڕوانییــەکان»ی یاوس، «کۆمەڵگــە ڕاڤەییەکان»ی فیش، جیاوازیی خوێندنــەوەکان و نائامادەیی مانایەکی جێگیر لای بارت، ڕیکۆر، دێریدا، فوکۆ و ئێکۆ، هەوڵگەلی بەربڵاوی زانایانی ئەم بوارە نیشان دەدەن کە لە ڕاستی‌دا نیشانەن لە ڕەوتی ئاڵۆز و دوور و درێژ و پێچەڵپێچی گەشەی بۆچوونە ڕێژەیی‌باوەڕەکان و ماڵاوایی لەگەڵ بۆچوونگەلی تاکڕەهەندی و داسەپێنەرانە. ○

**لە هەر دەورەیەکی مێژووییدا پێوەندیی گوتارگەلی جیاواز، مرۆڤ دەکات بە خاوەنی جۆرێکی دیاریکراو لە تێگەیشتن. گوتار وەك پێکهاتەیەکی زمانی هەڵگری هەموو تۆوەکانی کولتوری سەردەمێکی مێژووییە.**